خوێندنەوەیەك بۆ:

# بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی
# و
# ئەزمونی دیموکراسییەت

**ن/تەها سلێمان**


ناوی کتێب: بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی و
ئەزمونی دیموکراسییەت
نوسەر: تەها سلێمان
تایپو نەخشەسازی: ئارام لوقمان
تیراژ: 500
چاپ: چاپخانەی رەهەند
ژمارەی سپاردن (659)ی وەزارەتی رۆشنبیری پێ دراوە

## ▫ کورتەیەکی پێویست:

ئەگەر بەدرێژایی مێژوو، جەستەی کوردو بزافە سیاسییەکەی خوێنی لەبەر چۆڕابێ، جیا لێرەو لەوێ بەشێکی ئەو خوێن لەبەر ڕۆشتنە دەرئەنجامی هەڵەو ناتەواوی‌و ململانێ یەکتربڕەکانی نێو خودی بزوتنەوەکە بووبێ، کەدەکرێ بەململانێی ناسروشتی‌و نالۆژیکی ناوزەدی بکەین. دەبێ بەپرسیارێك لەدەرگای باسەکە بدەین بەم شێوەیە: پێکهاتەو سروشتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی، یاخود کوردستان کامەیە؟ گومان لەوەدا نییە لەوەڵامی ئاوها پرسیارێکدا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ دواوەو قسەیەك لەم بوارەدا بکەین، تا بەلانی کەم ڕۆشنییەك لەدیدو بۆچونماندا هەبێ‌و بتوانین وەڵام بەجەوهەری پرسیارەکە بدەینەوە، پەنجەش راکێشین بۆ سەر گرفتەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی‌و پەیوەندی لەگەڵ چەمك‌و ناوەڕۆکی دیموکراسی‌و بەها گرنگەکانی. ئەمەش بەبێ بەدوا داچون‌و پشکنین، مومکین نییە بێتە دی، بەمانایەکی تر بێتە خوێندنەوەیەکی بابەتیانەو ئاراستەیەکی پێویست بگرێتە بەر. هەر لەپاڵ ئەمەشدا زۆر گرنگە قسەیەك لەسەر دیموکراسی بکەین، بۆ ئەوەی لانی کەم کەخوێنەر دەیەوێ شتێ لەم نوسینە یان هەوڵە تێبگا، لەوەش بەئاگا بێ کەباسی چی دەکەین، یان بەمانایەکی تر دەتوانم بڵێم لەگفتوگۆو خوێندنەوەی ناونیشانی ئەم باسەدا، دوو مەسەلەی گرنگ لەردەممانداو ناتوانین خۆمانی لی ببوێرێن، بەو تێگەیشتنەی دەمانەوێ لەم هەوڵەدا لەسروشتی بزوتنەوەی رزگایخوازی کوردی‌و ئەزمونی ئەو لەگەڵ دیموکراسییەت‌و چەمك‌و بەهاکانی قسە بکەین یان بدوێنین. کەواتە پێویستە بەر لەهەموو شتێ‌و دوای پێناسەیەکی کورتی سروشتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی پێویستە پێناسەیەکمان بۆ دیموکراسییەتیش هەبێ بۆ ئەوەی وێنەی راستەقینەی کوردی تیا بخەینە ژێر پرسیارو گفتوگۆوە، بەتایبەت لەبواری بزوتنەوەی سیاسیدا.. مەرجیش نییە ئەوەی لەسەر دیموکراسی وەك پێناسەو خوێندنەوە دەیخەینە روو، نەوترابێ بەڵکو پێوەندی بەناوەڕۆکی بابەتەکەو سەر لێنەشێواندنی خوێنەرەوە هەیە.

# سروشتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی:

ئاشکرایە پاش دارمانی ئیمپراتۆرییەتی میدیاو داگیرکردنو دابەشکردنی کوردستان لەلایەن دوژمنانیەوە، ئیتر کورد نەیتوانیوە سەرتاسەری وڵاتەکەی رزگار بکاو لەقەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆدا بەڕێوەی ببا.. بەڵکو لێرەو لەوێ میرنشینو شێوازی دەسەڵاتی جیا جیا هەبوە لەچەند هەرێمێکی پارچە دابەشکراوەکانیدا.. زۆربەی سەرچاوەکانیش جەخت لەوە دەکەنەوە کەهەردوو دەوڵەتی تورك (عوسمانیەکان)و فارس (سەفەویەکان) لەناو کوردستانو لەسەر دابڕینو داگیرکردنی بەشی زیاتر خاکی کوردستان ململانێی توندیان هەبوە. زۆر جاریش کوردەکان خۆیان ئامرازێکی زیاد لەپێویست باش بوون بەدەست (عوسمانیەکان)و (سەفەویەکان)ەوە بۆ بەرجەستەبونی مەرامو پرۆژەو خەونەکانیان. باشترین نمونەش سەرکەوتنی تورکەکان (عوسمانیەکان) بوو بەسەر فارسەکان (سەفەویەکاندا) بەهاوکاری کوردەکانو دواتریش پشتگوێ خستنی کوردەکانو پاشگەزبونەوە لەو بەڵێنانەی کەپێش وەخت پێیان دابون، واتە ئەو خێڵە کوردانەی کەیارمەتیو هاوکاری تورکەکانیان کردبوو لەو سەرکەوتنەیاندا. لەو دەمەدا کوردستان بەڕەسمی کەوتە ژێر دەستی فەرمانڕەوایەتی هەردوو ئیمپرتۆرییەتی (سەفەویو عوسمانیەکان) ئەم دەسەڵاتدارێتیو فەرمانڕەوایەتیان بەسەر کەینونەی کوردبونو نیشتمانی کوردا بەردەوام بوو تا جەنگی جیهانی یەکەمو پاشان بەپێی پەیماننامەی (لۆزان) لە1927/7/24 کوردستان دابەشکرا بەسەر (تورکیا، سوریا، عێراق، ئێران، یەکێتی سۆڤێتی-پێشوو) لەپاڵ ئەمەشدا کوردو کوردستان خاوەن مێژوو شارستانیەتێکی لەمێژینەیە وەك (جوگرفیا، زمان کلتور، ئەدەب)و هتد هاوکات کوردستان جێگایەکی بەپیتو دەوڵەمەند بووە، وەك هەموو کۆمەڵگاکانی تر مێژوی سەرهەڵدانی بزافە جیا جیاکانی هەیە، بەڵام بەهەندێك جیاوازییەوە. بۆ نمونە مێژوی سەرهەڵدانی (فیوداڵی) وەك زۆرێك لەکۆمەڵگاکانی

تره. جیاوازی سەرهەڵدانی (فیودالی) لەکۆمەڵگای کوردیدا بەدەر نییە لەسروشتو پێکهاتەی کۆمەڵگە، دیارترین تایبەت مەندیش لەم بوارە ئەوەیە کوردستان یان کۆمەڵگای کوردی بەبێ ئەوەی بەقۆناغی رژێمی کۆیلەداریدا تێپەڕبووبێ، لەکۆمۆنەی سەرەتاییەوە روی کردوەتە چەشنێکی دیاریکراوی (فیودالیزم) کەئەوەش فیودالیزمی کۆچەرییە، واتا ئەگەر بمانەوێ رونتر قسە بکەین دەبی بێژین فیودالیزمی کۆچەرییانە بنرەتی سەرهەڵدانی فیوادالیزمە لەکۆمەڵگای کوردیدا. ئەم لەکاتێکا زۆربەی کۆمەڵگاکان بەقۆناغی کۆیلەداریدا تێپەڕبوونو دواتر فیودالیزمی کۆچەرییانەو هتد.. دور نییەو بگرە زۆر نزیکە کەلەناو مندالدانی ئاوها پێکهاتەو سروشتو رەوشێکدا، کەلەبنەڕەتدا خۆی ساغڵەمو تەندروست نییە جوڵانەوەی رزگاریخوازی لەکوردستاندا هاتوەتە کایەوە. زۆر لەسەرچاوەکانیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کەبزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی، یان جوڵانەوەی نیشتمانی لەکوردستاندا دەکرێتە سێ قۆناغی سەرەکیەوە، قۆناغی یەکەم: لەسەرەتای سەدەی نۆزدەوە دەست پێدەکات. قۆناغی دووەم: لەجەنگی جیهانی یەکەمەوە تا جەنگی جیهانیدووەم. قۆناغی سێیەم: لەکۆتایی جەنگی جیهانی دووەم تاکو ئەمرۆ دەگرێتەوە. دیارە هەریەك لەو قۆناغەش پەیوەنی راستەوخۆیان بەڕوداوو پێشهاتو دەرهاویشتەکانی جەنگی جیهانی یەکەمو دواتر جەنگی جیهانی دووەمو دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە هەیە: لەقۆناغی یەکەمدا هیچ حیزبو رێکخراوو گروپێکی سیاسی نەبوە، تا رێبەرایەتی بزوتنەوەکەو راپەڕینو رابونەکانی بکا، ئەوەی کەرۆڵی سەرەکیو بەرچاوی گێڕاوەو هەبوە لەم قۆناغەدا تەنها سەرۆك خێڵو ناودارو کەسایەتیە کوردییەکانو هەر خۆشیان فەرمانڕەواو ئەمیری ناوچەکان بوون. هاوکات ناکۆکی توند لەنێوان ئەو فەرمانڕەواو میرنشینانەدا بوەو شەڕو شۆڕو هەڵکوتانە سەر یەکترو داگیرکردنیش لەلایەن ئەم میرنشین بۆ ئەویترو..هتد رووی داوەو رەوایەتیشی بۆ دروستکراوە یاخود پێدراوە، وەك (بابان، سۆران، ئەردەڵان)و هتد دوژمنەکانی کوردیش بەباشی سیاسەتی خۆیان تەرجەمەی سەر ململانێکانی ئەوان کردوەو سودمەند بوون لێیان. لەقۆناغی دووەمدا سروشتو پێکهاتەی بزوتنەوەکە گۆڕاونو بەرەو جۆرێك لەپێکهاتەیەکی سیاسی رێکخراو هەنگاوی ناوەکە نمونەکانی ئەمانەن (جوڵانەوەو شۆڕشی شێخ محمود، جوڵانەوەو شۆڕشی سمکۆی شکاك، جوڵانەوەو شۆڕشی شێخ سەعید، جوڵانەوەو شۆڕشی سمکۆی شکاك، جوڵانەوەو شۆڕشی شێخ سەعید، جولانەوەو شۆڕشی شێخ احمد بارزانی، جوڵانەوەو شۆڕشی جافر سوڵتان، راپەرینی دیاربەکر، راپەڕینی دەرسیم)و..هتد لەخۆ دەگرێ. لێرەدا ئەوەمان بەڕونی بۆ دەردەکەوێ کەرابەرایەتی بزوتنەوەکە ئەگەرچی شێوەی رێکخراوی سیاسی لەخۆ گرتوە بەڵام لەژێر چنگو عەقڵی چەند کەسێك دەرنەچوە، کەئەوانەش توێژی دەرەبەگو فیودالیزمن، بۆیە نەیتوانیوە بابەتیانەو لۆژیکیانە بەپیری دۆههەکەوە بچێو بەپێی پێویستیەکانی جوڵانەوەکەبێو وەڵامیان بداتەوەو مەسەلە رەواکەشی سودمەند بێت لەروداوەکاندا. قۆناغی سێیەمیش کەلەجەنگی جیهانی دووەمەوە دەست پێدەکا تا ئەمرۆ، کەنوێترینو تازەترین شێوازی تێکۆشانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردییە لەکوردستاندا، لەم قۆناغەدا پارتو رێکخراوو گروپی سیاسی دروست بوونو هاتنەکایەوە، هەریەك لەو پارتو رێکخراوانەش رۆڵو کاریگەرییان لەسەردەمی هاتنە مەیدانو دروست بونیاندا دیتوەو گێڕاوە لەپارچەکانی کوردستاندا. ئەگەر ورد سەرنج بدەیت دەبینی لەهەرسێ قۆناغەکەدا،

واتا (قۆناغەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی) جیاوازی لەنێوان هەرسێ قۆناغەکەدا هەیە وەك "پێکهاتە، سروشتی جوڵانەوەکە، توانای سیاسیو فیکرییان"و..هتد بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کەجوڵانەوەی نیشتمانی یان بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی لەنوێترین قۆناغی تێکۆشانیدا دەست بەرداری کلتوری قۆناغەکانی پێشووی خۆی بوە. بەدیتێکی تر ئەوەی دەبێ هەڵوەستەی لەسەر بکرێ (شەڕو بارگرژی، ناکۆکی یەکتربڕو ململانێی نابابەتی، کوشتنو بڕین)و..هتد هەر لەقۆناغی یەکەمەوە کەراستەوخۆ رەنگ دانەوەی لەسەر قۆناغی دووەمو بەهەمان شێوە ململانێو ناکۆکییە نا بابەتیەکانی قۆناغی یەکەمو دووەم هاتوەتە ناو پێکهاتەو مەغزای بیری رێبەرایەتی قۆناغی سێیەمیشەوە، کەوەکو وتمان تێکۆشانی ئەمڕۆشمان دەگریتەوە.

لەهەرسێ ئەو قۆناغانەی بزوتنەوەی جوڵانەوەی نیشتمانیدا ئێستاشی پێوە بێت هەموو مەسەلەکان بەهەڵواسراوی ماونەتەوە. بەمانایەکی تر دەتوانین بێژین گەورەترین کێشەمان لەهەرسێ قۆناغەکەدا ئەوەبووە کەنەمانتوانیوە وەڵام بەپرسیارەکانی رەوشی کورد بدەینەوە، بەر لەبەر چاوگرتنی چارەنوسی بزوتنەوەکەو توخمو رەگەزەکانی رووداوەکانو رەهەندو تایبەتمەندییەکانی، ئەمەش وایکردوە هەمیشەو بەردەوام بزوتنەوەی رزگاریخوایزمان لەگێژاوو تەنگانەدا بخولێتەوە. واتا لێرەدا دەگەینە ئەو رایە کەبزوتنەوەی رزگاریخوازی لەکوردستان لەتەنگوچەڵەمەیەکی فیکریدا بوەو بێئەوەی سەرەداوی راستکردنەوەی بگرێتە دەست بەردەوام بەدەستییەوە ناڵاندویەتی. رونتر ئەو تەنگو چەڵەمە فیکرییە ناوەڕۆكو ستراکتۆری بزوتنەوەکەو عەقڵی رێبەرایەتیەکەی داگیرکردوەو بواری بۆ نەهێڵاوەتەوە ئەو دەرکەوتە پێویستە بێت لەگۆڕەپانەکەداو بتوانێ وەڵام بەڕوداوەکانو کاریگەری لەسەر رەوشی کورد بداتەوە. بێگومان ئەو تەنگوچەڵەمەیە لایەنی فیکریو سیاسیو رۆشنبیریو پێکهاتەو سروشتی سەرتاپای بزوتنەوەکەی گرتوەتەوە. گومانیش لەوەدا نامێنێتەوە تەنگوچەڵەمەیەکی ئاوها رێگربوە لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردیو جیا لەوەش خودی بزوتنەوەکە لەسەرەنجامی ئەو تەنگوچەڵەمانەدا بەدەردەوام رووی لەپاشەکشێو خزان بووە، نەك پێشکەوتنو رێبەرایەتیەکی تەندروستو بابەتیانە. بەدیدێکی تر دەتوانین بڵێین بەدرێژایی مێژوو چارەنوسی کوردو کوردستان جیا لەفاکتەرە هەرێمایەتیو نێو دەوڵەتیەکان، بوەتە قوربانی تەنگوچەڵمەی فیکریو سیاسیو رێکخراوەیی بزوتنەوەکەو رێبەرایەتیەکەی. ئیتر لێرەوە کۆمەڵگای کوردیو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان کەوتونەتە قەیرانێکی کوشندەوە لەهەرسێ قۆناغەکەدا کەناومان هێنا. نەشتوانراوە بەپێی شوێنو کاتو لەرووداوەکاندا سودمەند ببنو ئەو گرفتو گرێ کوێرانەی روی تێکردون ببڕنو لەسەر رێچکەی بیری نوێ، روداوی نوێ، گوتاری نوێ، بەرهەمهێنانی کلتوری نوێو تێکشکاندنی کولتوری کۆنو..هتد پێکهاتەی بزوتنەوەکە بگۆڕنو بەرەو پێشی ببەن کەخزمەتکردن بەچارەنوسی مەسەلە نیشتمانیو دیموکراسیو نەتەوەییەکان بگرێتە خۆ.

# تێگەیشتن لەدیموکراسییەت:

سادەترین تێگەیشتن بۆ دیموکراسییەت ئەوەیە کەزادەی بەردەوامبوونو پێشکەوتنی ململانێکانی نێو کۆمەڵگایە، بەواتایەکیتر کەستەمو ستەملێکراوو ستەمکار هەبوو، ئاسۆکان لەبەردەم پێداویستییەکانی مرۆڤ تەسك دەبنەوە تا ئەو ئاستەی چوارچێوەی ململانێکان بابەتی نوێو پێویست لەخۆ دەگرێ. ناوەڕۆکی راستەقینەی دیموکراسیەتیش ئەم راستییە لەخۆ دەگرێو هەر لەویشەوە سەرچاوەی گرتوە. لەروی مێژویشەوە سەرهەڵدانو سەرەتاکانی کارپێکردنی (دیموکراسی) دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە2400 ساڵ پێش ئێستا لای یۆنانیەکان. بۆیە ئەگەر بمانەوێ بنەڕەتو ناوەڕۆکی زاراوەی دیموکراسی بزانینو بناسین دەبێ بگەڕێینەوە بۆ شارەزابوونو پشکنینی ئەو مێژوە، بەبێ گەڕانەوەش بۆ ئەو مێژوە مومکین نییە بتوانین لەدیموکراسییەتو کلتوری دیموکراسی تێبگەینو پێناسەیەکی لۆژیکی بابەتی بۆ بکەین لەهەر جێگاو شوێنێك کەبمانەوێ بەرجەستەی کەین.

دیارە پێش ئەو مێژوەی کەباسمان کردو وتمان دیموکراسییەت تیایدا سەریهەڵداوە، وڵاتی ئێستای ئێران ئیمپراتۆریەتێکی گەورەو بەرین بوو.. بەردەوام چاوی لەوە بوو دەسەڵاتدارێتی ئیمپراتۆرییەتەکەی فراوانترو بەرینتر کاتەوە. ئەم ئیمپراتۆرییەتە دوای ئەوەی سەرجەم خاکی سوریاو فەلەستینو سەرزەمینی کەنعانیو عیبرییەکانو سەرەنجام وڵاتانی ئەفریقیای (میسر) کەوتە ژێر فەرمانڕەوایەتیو داگیرکردن. چاوی تەماح بڕایە شارەکانی (یۆنان) پتر لەچەند جارێك لەلایەن ئیمپراتۆرییەتی ئێرانەوە هێرش کرایە سەر شارەکانی (یۆنان)و سەرەنجام تێك دەشکێنرانو چەندین شەڕی سەخت لەنێوانیاندا رویدا، دەنگو سەدایەکی گەورەشی هەبوو کەگەورەترین

ئیمپراتۆرییەتی دونیا (ئێران) لەو سەردەمەدا بەدەستی چەند شارێك (یۆنان) هێرشو پەلامارە چڕو فراوانەکانیان بشکێنرێ. دوای تێکشکانی ئیمپراتۆریەتی (ئێران) لەلایەن یونانیەکانەوە، چینو توێژەکانی ئەو شارانە بەجارێ خرۆشانو کەوتنە خۆشیو ئاهەنگ گێڕان. مێژوی سەرهەڵدانی دیموکراسییەت ئەم شکستو سەرکەوتنە (شکست بۆ ئیمپراتۆریەتی ئێرانو سەرکەوتن بۆ شارەکانی یۆنان) بنەڕەتو کەرەستەی چەسپاندنی بوو. لەناو ئەو زاناو رۆشنبیرو هونەرمەندو لێهاتوانەی کەلەسەر بانگێشتی دەسەڵاتدارێتی یۆنانی سەرکەوتوو بەسەر ئیمپراتۆرییەتی ئێراندا هاتبونە (یۆنان) یەکێك لەوانە ناوی (دیموکریت) بوو. ئەم پیاوە پسپۆرێکی ماتریالیستی بوو. ئەو دەیوت دەسەڵات واتا (ژیانی خەڵكو کۆمەڵگا، بۆ ئەوەیە خەڵکی پێشبکەونو پێکەوە بەتەبایی بژین، دەسەڵات دەبێ خزمەتی خەڵك بکاو ئارەزووەکانی کۆمەڵگا بێنێتە دی) "دیموکریت" دەیگوت: لەم مەسەلەیەدا مرۆڤ لەهەموو شت گرنگترەو گەورەترە، هەموو کەس دەبێ پرسی پێبکرێ، دەبێ خاوەن دەنگ بێو لەتەواوی ئەو مەسەلانە کەپەیوەندییان بەژیانی ئابوریو کۆمەڵایەتیو سیاسییەوە هەیە پێویستە راوبۆچونی خەڵك وەبگیرێ. ئەوکاتە کۆمەڵگا هەست بەبوونی خۆی دەکاو لەلێپرسراوێتیەوە بۆ ژیانی باشرو گەشەدارتر هەنگاو دەنێ). لەو سەردەمەدا هەڵبژاردنی راستەوخۆ، بۆ دیاریکردنی سەرۆكو کاربەدەستانی حکومەت بەگوێرەی دەنگی هاوڵاتیان، رێك لەژێر کارتێکردنی بیروڕاکانی (دیموکریت) بوو، کەسەرەتاکەی لەتێکشکانی ئیمپراتۆرییەکی ئێرانو شارەکانی (یۆنان)ەوە دەستی پێکردو دواتر لەجیهاندا هەنگاو بەهەنگاو گەشەی کرد. سەرەتاییترن پێناسەش لەو سەرەتایەوە بۆ دیموکراسی بەواتای دەسەڵاتی گەل دێو لەپاڵ ئەمەشەدا دەیانو سەدان خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ کراوەو دەکرێو لەسەرجەم لایەنە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا رۆڵی گرنگو بەرچاوی خۆی دەگێڕێو بوەتە یەکێ لەڕێڕەوە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤایەتی. ئەگەر دیقەت بدەین لەدەوروبەر هەر کۆمەڵێك راوێژو ئاڵوگۆڕی بیروڕای تیا نەبێ، دەبینی بەردەوام کۆمەڵێکی دواکەوتوو وا بەستە بەبیری کۆنەپەرستانەو ستەمکاریو دواکەوتوییەوە. بەپێچەوانەوە هەر کۆمەڵێك بنەماکانی گفتوگۆو لێك نزیك بونەوەو ئاڵۆگۆڕی بیروڕای تیا ئامادەبێ بەردەوام روو لەپێشکەوتنو ئاسۆی گەشەدارە. لێرەدا دەبێ ئەوەش بێژین ئەو چەن دێرەی لەسەر دیموکراسییەت وترا کەئەگەرچی سادەش بن بۆ ئەوەبوو کەلە بەشەکانی داهاتووی ئەم نوسینەدا قسەیەك لەبارەی دیموکراسی هاتە پێشەوە نامۆ نەبێتو تێگەیشتنی ئاسانبێ. گومانیشم لەوە نییە خوێنەری زۆر هەن پێویستیان بەو سەرەتایە نییە، بەڵام بەوتنو نوسینیشی زیان ناکەین.

# ئامادەبوونی دیموکراسییەت لەقۆناغەکانی بزوتنەوەکەدا:

با بەوردی بگەڕێینەوە بۆ پێکهاتەو سروشتو ڕێژگە فیکرییەکانی هەر ئەو قۆناغانەی کەلەپێشا باسمان کردو بزانین دیموکراسیەت تا چ ڕادەیەك ئامادەبوونی بووە تیایاندا؟ خۆی لەخۆیدا ئەو دوو دێڕەو پرسیارە دەبێتە پرسیارێکی گرنگترو تا ناوەڕۆکی پرسیارەکەش شی نەکەینەوە، مەحاڵە بتوانین قسەیەکی پێویست لەو بارەوە بکەین. ئەو قسانەش لەسەرەتادا یارمەتیمان دەدا بۆ لێگەیشتنو شیکردنەوەی ئەو مەسەلەیە. ئەگەر لەخوێندنەوەی چەمكو ناوەڕۆکی دیموکراسییەتدا ئەوەمان بۆ روون بێتەوە کەهەموو کایە جیا جیاکان ژیان بەیەکەوە گرێی دەداو توخمێکی بنەڕەتییە لەهێنانەکایەی ژیانێکی هاوچەرخو پێشخستنی کۆمەڵگا، دەکرێ دیسان بگەڕێینەوە لای ئەو گرێیەی کەبزوتنەوەی رزگاریخوازیمان یەکێك لەگرفتو تەنگوچەڵەمەکانی دوور بوونی بوە لەچەمكو ناوەڕۆكو بەهای دیموکراسییەتەوە. چونکە هەمیشە رابەرایەتی بزوتنەوەکە لەژێر کاریگەری خێڵو سیستەمی فیوداڵیانەی کۆمەڵگادا بووە. جگە لەوەش پێکهاتەو سروشتی ئەو رژێمو دەوڵەتانەی کەکوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، یان داگیریان کردوە ڕێگرێکی سەختو کاریگەر بوە لەم بوارەدا. چونکە ئەوان بەردەوام لەپرۆسەیەکی گشتگیردا بەتۆقاندنو توندوتیژیو سەرکوتکردن مامەڵەیان لەگەڵ کوردو بزافە سیاسیەکەیدا کردوە. بزافی سیاسی کوردیش ئەگەرچی لەژێر کاریگەری بیری خێڵو فیوداڵیانەدا بووەو تەنگوچەڵەمەی فیکریو سیاسی هەبووە، بەڵام جیا ناکرێتەوە لەبزوتنەوەیەکی رەواخواز. دەوڵەتە داگیرکەرەکان لەسۆنگەی سروشتی شۆڤینیانەو رەگەز

پەرستانەیانەوە، مامەڵەیان مامەڵەیەکی نامرۆڤانە بوەو راستەوخۆ رۆڵو کاریگەری خراپی لەسەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی بوە. بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە: ئایا ئەمە پرسیارێکی راستو دروستەو لەئەگەری هاتنە وەڵامو داکۆکی کردن لەبزوتنەوەکە؟ بێگومان نەخێر، چونکە کاریگەریو کاردانەوەی هەڵسوکەوتو رەفتاری شۆڤێنیانەو رەگەز پەرستانەی ئەو رژێمانە لەسەر تێگەیشتنو رەوتی کارکردنی بزوتنەوەکە- راستەو بالەلاوە بوەستێ. خۆ دەشکرێ بەدوای ناتەواویو تەنگوچەڵەمەکانی خودی بزوتنەوەکەشدا بگەڕێینو بیخەنە روو. لەکاتێکدا وەك ئاماژەمان پێکرد بزوتنەوەی رزگاریخوازیمان پێویستی بەزانیاریو تێگەیشتنو شیکردنەوەی ورد هەبووەو هەیە لەمەڕ چەمكو بنچینە سەرەکیەکانی دیموکراسییەتو کارکردن بۆ جێبەجێکردنی لەفیکرو پرۆژەیدا بۆ پێش خستنی کۆمەڵگا. بەگەڕانەوە بۆ مێژوی ئەوسێ قۆناغەی کەپێشتر باسمان کرد، دەبێ بڵێین دیموکراسیەتی ئەوتۆ ئامادە بونێکی نەبوە، یان هیچ ئامادەبونێکی نەبوە بەتایبەت لەقۆناغی یەکەمو دووەمی بزوتنەوەکەدا. وە لەجیاتی ئامادەبونی دیموکراسیەتو گفتوگۆ کردن لەسەریو هەنگاونان بۆ بەرجەستەکردنی، ململانێی ناسروشتیانە، شەڕو خوێن رشتن، دورکەوتنەوە لەیەکدیو نالۆژیکی بوون لەبیرکردنەوە بەبەردەوامی ئامادەبوونی هەبووەو هەر ئەوەش بوەتە هۆکارێکی خراپ لەجەستەی بزوتنەوەکەداو لەپێویستیترین مەسەلە دوری خستوەتەوە. خۆ رەنگە لەهەریەك لەقۆناغەکاندا وەك سەرجەم لایەنەکانی تر جۆرە جیاوازییەك هەبێ، بەڵام کێشە لەوەدایە لەهیچ کام لەو قۆناغەدا نەگەشتوەتە ئەو ئاستە بابەتیانە مامەڵەی لەگەڵ بکاو هەزمی بکا. لایەنێکی گرنگو بەهێزی ئەم مەسەلەیەش دەقاو

دەق دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەو سروشتی بزوتنەوەی رزگاریخوازیمان کەلەسەرەتادا وتمان نەیتوانیوە بەرگی وا بەستەبوون بەخێڵو ململانێی ناسروشتیانەو یەکتربڕ فڕێ بداو هەمیشە لەناو جەستەی ئەودا تواوەتەوە. ئەوەندەش بزوتنەوەیەکی سیاسی کامڵ بووبێ، بزوتنەوەیەکی چەکداری بوە، ئەمەش رێك دەگەڕێتەوە بۆ رۆڵی ئەو رژێمو دەوڵەتانەی کەباسمان لێوەکردنو دواتریش دەگەڕێینەوە سەریان. رونتر بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەردەوام لەشەڕو شۆڕو ململانێو ناحاڵی بوون لەنێوان پەلوپۆکانیدا تلاوەتەوە، بەبێ ئەوەی ئەو راستیە  لەبەرچاو بگرێ لەهەرسێ ئەو قۆناغەدا گرنگترین شت کەروبەڕووی بوبێتەوە مەسەلەی رزگاری نیشتمانی بووە، ئەوەش پێویستی بەلێك تێگەیشتنی تەواو هەبوەو دەبوایە — چەمکی دیموکراسیەتیش ببوایەتە سەرەتایەکی گرنگی ئەو لێك تێگەیشتنە. خۆ ئەوەش راستە بزوتنەوەو رابونەکانی نەتەوە ژێر دەستەکانی مۆرکێکی دیموکراسیانەی هەیە، بەو پێیەی لەدژی باڵا دەستی نەتەوەیەك یان شۆڤێنییەتو رەگەز پەرستیو دیکتاتۆریەت — دەجەنگن. وەك دکتۆر قاسملۆش لەکتێبی کوردستانو کورددا دەڵێ: چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی کورد بەدیموکراسییەتەوە بەستراوە، چونکە مەسەلەی نەتەوایەتی بۆ خۆی بەشێکە لەدیموکراسی. لینین زۆرجار دوپاتی کردۆتەوە کەلەچوارچێوەی دیموکراسیدا نەبێ، مەسەلەی نەتەوایەتی  چارەسەر ناکرێو بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی دەبێ پەیوەندییەکی دیموکراسیانە لەنێوان نەتەوەکاندا پێك بێ. لەجێگایەکی تری هەمان کتێبدا قاسملۆ دەڵێ: دەرەبەگ لەکۆمەڵی کوردەواریدا کۆنەپەرستترین توێژبوونو رێگریش بووە لەبەردەم رەوتی رەوای مەسەلەی کوردیدا..، خۆ ئەمەش ئەو تێزە

ڕەت ناکاتەوە کەبزاڤی ناسۆنالیزمی هەموو نەتەوەیەکی زۆر لێکراو، ناوەڕۆکێکی دیموکراسیانەی هەیە. کەهەموو پەلوپۆکانی بزاڤەکە لەچوارچێوەی ئەو ناوەڕۆکە دیموکراسیانەدا یەك دەگرنەوە. چونکە ئەم بزاڤە لەناوەڕۆکدا دژی زوڵم و زۆرو چەوسانەوەی نەتەوایەتیە. بەڵام ئەگەر بەسەرنجێکی ڕەخنەگرانەوە تەماشای قۆناغەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بکەین، ڕێك ئەم مەسەلەیەمان لا پێچەوانە دەبێتەوە. بەو پێوەرەی وەك وتمان جیا لەرۆڵی خراپی ڕژێم و دەوڵەتە شۆڤێنیو ڕەگەزپەرستەکان، هاوکات خودی بزوتنەوەکەش بوەتە خۆرکە لەجەستەی خۆیداو نەیتوانیونە ڕەوایەتی بزوتنەوەکەی تێکەڵ بەچەمکی دیموکراسییەت بکا. ئەمەش دیسان بەدەر نییە لەوەی کەقاسملۆ دەڵێ: دەرەبەگی کوردەواری، یان دەرەبەگ لەکۆمەڵی کوردەواریدا کۆنپەرستترین توێژبوونو ڕێگریش بوون لەبەردەم ڕەوای مەسەلەی کوردیدا. چونکە وەك رابوردوو و ئێستاشمان دەیسەلمێنێ توێژی دەرەبەگ لەم کۆمەڵگایەدا ڕێبەرایەتی بزاڤی سیاسی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیمانی داگیرکردوە لەرابردووداو پریشکی ئەو داگیرکردنە پڕ لەئافاتەی ڕێبەرایەتی بزوتنەوەی ناوبراو لەعەقڵو بیرکردنەوەی بەشێکی زۆر لەحزبو گروپە سیاسیەکانی ئەمڕۆشماندایە. بۆیە ناکرێو لۆژیکی نییە ئێمە داوای دیموکراسی بوون لەتوێژێکی کۆنەپەرستو چاوچنۆکی وەك توێژی دەرەبەگ بکەین، بەشێکی زۆری داگیرکردنی ڕێبەرایەتی بزوتنەوەکەشی لەلایەن ئەو توێژەوە تا سەرمۆخ لەدژی دیموکراسی بوەو ئەو راستیەشیان باش هەزم کردوە کەبەبەرجەستەکردنی دیموکراسی لەرەوتی کارکردنی بزوتنەوەکە ئەگەری لەدەستدانی ڕێبەرایەتی بزوتنەوەکە لەچنگیاندا نزیکتر دەبێتەوە. لەمێژوی سەدساڵی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیماندا

دەردەکەوێ هەر تەقەلاو بزاوتنێکی پێشکەوتنخوازانەی بوبێ لەلایەن ئەو توێژەوە "دەرەبەگ" بەتوندی لێی دراوەو بەربەرەکانی کراوە. دیارە ئەمە بەپیچەوانەی زۆر جێگاو کۆمەڵگای تر کەسەرەنجامی شۆڕشو رابونەکانیدا توێژی دەرەبەگیش لەناو پرۆسەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیدا تواونەتەوەو بوون بەبەشێك لەشۆڕشو رابوون لەدژی چەوسانەوەی نەتەوایەتیو نیشتمانی. لەلایەکی تریشەوە هەندێجار بانگەشەو پڕوپاگەندەی ئەو ڕژێم و دەسەڵاتانەی لەهەندێ جێگا ناومان هێنان بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی خافڵگیر کردوە، وەك لەمێژوی کۆنو نوێدا دەبینین ڕێبەرایەتی بزوتنەوەکە هەڵپەی ئەوەی کردوە یان لەهەڵپەی ئەوەدا بووە بەرێڕەوی نادیموکراسیانەی ئەواندا ڕێ بکا، کەبەبۆچونی خۆیان دەسەڵاتو ڕژێمەکانیان ئازادیە دیموکراسییەکانی تیا بەرقەرارە، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیش بەو پێیەی چارەسەری مەسەلەی خۆی لەدیموکراسیەتدا دەبینێتەوە، بەنا هۆشیاریەکی تەواوەوە کەوتوەتە ئەو داوەوە. کەچی لەبەرانبەردا بەوپەڕی توندوتیژی لەلایەن ئەو ڕژێم و دەسەڵاتانەوە وەڵام دراونەتەوەو زۆربەی کات تێکدەرو ئاژاوە گێڕی ناو وڵاتیان بەباڵادا بڕیونو بەشێوازی جۆراوجۆریش لەسەر ئاستی نێوخۆو دەرەوەش کاریان بۆ بێبایەخکردنی کردوە. لەراستیدا لەهیچ یەکێك لەو وڵاتانەی کوردستانیان داگیرکردوە ئازادیە دیموکراسیەکانیان تیا بەر قەرار نییە، بگرە بەردەوام لەپاشەکشێ دابوون لەبەرانبەر ئازادییە دیموکراسیەکانو بەمەش گورزێکی کوشندە لەمەسەلەی کورد دراوە، چونکە ئەوان یەقین بوون لەوەی بەبوونی راستەقینەی ئازادیە دیموکراسیەکان مەسەلەی کورد زوتر خۆی دەسەپێنێو داوای چارەسەری بنەڕەتیو یەکلا کەرەوەیان لێدەکا

تـا دروسـت بـوونی دەوڵـەتی کـوردیش کـەمافێکی رەواو بـێ چـەندو چـوونی کـوردەو مجامەلـەی ئـەمڕۆ نـا سـبەی نـاوێ. بـەکورتی لەفەرهـەنگی رزگـاریخوازی کوردیـدا سـەرەڕای رەوایەتیەکـەی دیموکراسیەت بـونێکی ئـەوتۆی بەتێگەیشتنێکی بابەتیانـەوە نـەبووە. بەپێچەوانەشـەوە لەفەرهـەنگی رژێـمو دەسـەڵاتە شـۆڤێنیو رەگەزپەرسـتو دیکتـاتۆرو داگیرکەرەکانـدا دیموکراسـیەت تـەنها بـۆ هەرەمی دەسەڵات بۆ رەوایـەتی دان بەقـەتڵو عـامکردنی بـوەو هیچی تر. ئەمەش قەت مانای ئەوە نییە کەبزوتنەوەی رزگاریخوازی کـوردی، یـان کوردسـتان بـەو رژێـمو دەسـەڵاتدارە داگیرکەرانـە بـەراورد بکـەن بـەڵکو تـەنها مەبەسـتمان ئـەوەبوو قسـەیەك لەشـێوەی ئامـادەبونی دیموکراسـیەت لـەفیکرو رەوتـی کـارکردنی بزوتنـەوەی رزگـاریخوازی کوردی، یاخود لەکوردستاندا بکـەین. بـۆ ئەمـەش تـا نەگەڕێینـەوە بـۆ ئەو راستیانەی سەرەوە ناتوانین پێوەرێك بۆ خوێندنەوەکان لەم بـوارە داتاشین.

# نمونەی كوردستانی باشوور:

دیارە كوردستانی باشوورو ئەزمونی دیموكراسی تیایدا، بەتایبەت لەجەستەی بزوتنەوە رزگاریخوزەكاندا، تا رادەیەك جیا ناكرێتەوە لەپارچەكانی تری كوردستان. بەڵام ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێ پێكهاتەو سروشتی بزوتنەوەكە لەپەلوپۆكانی تری كوردستان جیا نەكرێتەوە، یان هیچ جیاوازییەكیان نییە. رونتر ئەمەش پێوەندی راستەوخۆی بەسروشتو پێكهاتەی ئەو رژێمانەوەیە كەكوردستانیان بەسەردا دابەش كراوە، یاخود داگیرییان كردوە. خۆ رەنگە بەدرێژایی مێژوو ئەمەش یەكێك بووبێ لەلایەنە نیگەتیڤەكانی بزوتنەوەكە. كەسیش ناتوانێ بەشێوەیەكی رەها ئەو راستییەمان لا كاڵ كاتەوە كەسروشتو پێكهاتەی رژێمە دەسەڵاتدارەكانی (عێراق، ئێران، توركیا، سوریا) جیاوازییان هەیە، بەڵام راستییەكی تریش هەیە ئەوەیە كەهەر هەموو كۆكن لەسەر ئەوەی كەگەلی كورد نەبێتە خاوەنی دەوڵەتو گیانی خۆیو سەرەبەخۆیی خۆی هەبێ، هەریەكەشیان لەسەر جوگرافیاو ژینگەو رەوشێكی جیاواز لەیەكدی پرۆژەی سیاسەتەكانیان دادەرێژنو پیادەی دەكەن. كەواتە بەپێچەوانەی هەندێ بیرو بۆچونەوە ئەو كاتە سەركەوتوو دەبن كەبزوتنەوەی رزگاریخوازیمان بتوانێ پێش هەرشتێ فیكرو سروشتو پێكهاتەی ئەو رژێمانە بخوێنێتەوەو بناسێو تێكۆشانی بزوتنەوەكەش بكاتە پڕاوپڕی وەڵامدانەوەی. با نمونەیەكی رونتر بهێنینەوە رژێمی بەعس (واتە بەعسی گۆڕكراو) لەسەر بنەڕەتی (بەعسیزم)و هەموو شتێ لەپێناوی (بەعس)دا كۆڵەكە بنچینەییەكانی رژێمەكەی دامەزراندوەو قایم كردوە. توركیا لەسەر بنەڕەتی (كەمالیزم)و هەموو شتێ بۆ توركو لەپێناوی توركدا، سیاسەتو فیكری خۆی دادەڕێژێو پەرەی پێدەدا. لەئێراندا هەموو شتێ لەپێناوی بەرز راگرتنو فراوانكردنەوەی دەسەڵاتدارێتی (مەزهەبی) شیعەدا. سوریا هەموو شتێ لەپێناوی سوریا بەپلەی یەكەمو عەرەب بەپلەی دووەمو فراوانكردنەوەو تەوزیفكردنی فیكرو سیاسەتی (بەعسی بەناو چەپ). واتا ئەگەر سەرنج بدەینو وردبینەوە هەر چوار دەوڵەتەكەی كەكوردستانیان داگیركردوە، هەریەكەیان بەفیكرو كولتورو سیاسەتێكی جیاواز لەیەكدی كۆكن لەسەر ئەوەی مەسەلەی كورد لەبۆتەی فیكرو كولتورو سیاسەتی فرمانڕەوایاندا كپ بكەنەوە، بەمانایەكی تر كوردبوون وەك شوناسو وەك كیانو جەستە جینۆساید بكەن. ئەگەر ئێمە نمونەی دەسەڵاتدارێتی (حیزبی بەعسی عەرەبی-عێراق) وەرگرینو قسەی لەسەر بكەین، بەو پێیەی ئەم بەشەی باسەكەمان پێوەندی بەو بەشەی كوردستانەوە هەیە كەوتوەتە چوارچێوەی دەسەڵاتی حیزبی بەعس (گۆڕكراو) دەبینین هەموو شتێ لەپێناوی (بەعس)دا بوەتە پرۆژەیانو ئەوەشی مرۆڤایەتی بێزی لێبكاتەوە بەگەلی كورد لەم بەشەی كوردستان لەلایەن (بەعس)ەوە كراوەو دژی ئەنجام دراوە. كەوابوو پێش هەر قسەیەك لەسەر ئەزمونو گوتاری كورد (بزوتنەوە سیاسیەكەی) دەبێ بپرسین (بەعسو كولتوری دیموكراسی تا چەند لەگەڵ یەكدا دەگونجێنو وێنەی راستەقینەی بەعس لەئاوێنەی دیموكراسیدا كامەیە؟ بێگومان (بەعس) وەك پرۆژەیەكی سیاسیو

فیكری، هەڵگری پرۆژەیەكی مەترسی داربوو یان مەترسیدارە، پرۆژەی (بەعس) لەستراكتۆرو سروشتی خۆیدا، هیچ دەنگو رەنگێكی جیاوازی قبوڵ نەكردوەو ناكا، بەمەش دەتوانین بڵێین (بەعس) بەدرێژایی (35) ساڵی تەمەنی لەهەوڵێكی چڕو بەرفراواندا كۆی دەنگە جیاوازەكانی دەكوشتو لەپرۆژەی (بەعسیزم)دا دەیتواندنەوە. ئەم هەوڵەی (بەعس) دەتوانرێ بشوبهێنرێ بەكاركردن لەچوارچێوەی مۆدرێنێتە، بەدیوی بەرهەم هێنانی فاشییەتی سنور بەزێندا،و دواتر بەكارهێنانی لەخزمەت پیرۆزی تاكو بنەماڵەدا. لەواقیعدا نە دیكتاتۆرییەتو نەشۆڤێنیەتو نەفاشییەتو نەپیرۆزی بنەماڵە، كەمترین بواری دیموكراسییەت قبوڵ ناكەن، جا (بەعس)و گروپە فەرمانڕەواكەی‌و دواتر كۆی پێكهاتەی (بەعس) كەتاكی خەساوی ژێر دەستی ئەو گروپە فەرمانڕەوایە بوون لەناو حیزبو لەچوارچێوەی دەسەڵاتی ئیداریدا، ناكرێ بەوە پێناسە بكرێن كەنەك بەشێك لەتەمەنیان، بەڵكو بیرۆكەو ریشەی دروستبوونی (بەعس) لەبنەڕەتدا بڕوانە بوونە بەدیموكراسییەت، یاخود ئازادییە دیموكراسییەكان، كەئەمەش رێك ئەم راستییە دەسەلمێنێ كەوێنەی دیموكراسی لەفەرهەنگی فیكری‌و سیاسی (بەعس)دا، چەمكو زاراوەیەكی بەتاڵەو كار بەپنتە جیا جیاكانی ناكرێ. لەماوەی ئەو (35) ساڵەدا، واتە تەمەنو ئامادەبونی (بەعس) هەر هەوڵو قسەیەك لەفیكرو گوتاری بەعس كرابێ، هەوڵی نەزۆك بوونو سەرەنجام بەو پەڕی شێوازی نا دیموكراسیانە لەلایەن (بەعس)وە وەڵام دراوەتەوە. كوشتن، لەسێدارەدان، زیندانیكردن، جینۆساید، كیمیابارانكردن، سوتاندن، گوێ بڕین، لەسێدارەدان،و..هتد لەسەر ئازادی بیرو را باشترین نمونەی بەرجەستەكرامی نا دیموكراسی بوونی (بەعس) لەرابوردوودا. بەعس لەهەرسكردنی دیموكراسی نەگەڕاوە بەڵكو بەردەوام كاری بۆ تێكشكاندنی پایەكانی كردوە، (ئەو) لەهەرەمی دەسەڵاتدارێتی حیزبەوە قۆرغی كردبوو بۆ هەرەمی دەسەڵاتی حكومەتو دواتر شۆربوونەوە بۆ نێو پایە جیا جیاكانی حزبو حكومەت. وەكو وتمان حیزبو حكومەتیش سەرەنجام لەخزمەتی پیرۆزی تەنیا كەسێكدا قەتیس كردبووەوە.

لێرەشەوە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو قسەیەی كەلەپەرەگرافێكی بەشێكی پێشوودا وتمان (بزوتنەوەی رزگاریخوازی كوردی ئەوەندەی بزوتنەوەیەكی سیاسی كامڵ بووبێ بزوتنەوەیەكی چەكداری بووە) بەمەش تەواو ئەو بۆچوونە دەسەلمێنرێ كەشۆڤێنییەتو رەگەز پەرستی‌و دكتاتۆرییەتی ئەو رژێمانە لەهۆكارە هەرە بنەڕەتیەكانی پاڵ پێوەنانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی كوردی بوون كەدەرەنجامێكی وای لێبكەوێتەوە. بەڵام دەبێ دیسان ئەو راستییە بێنینەوە پێش چاوی خۆمانو دوبارەی كەینەوە كەتەنیا هۆكار ئەو مەسەلەیە نییەو ناشكرێ ئەوە ببێتە پاساوێكی یەكلایەنەو وەڵامی ئەو گرێ كوێرەیەی پێبدرێتەوە.

لەقۆناغی سێیەمی بزوتنەوەی رزگاریخوازیماندا لەم پارچەیەی كوردستاندا، (باشور) لەنیوەی ئەم سەدەیەو دوای گەشەكردنی بیری پێشكەوتنخوازانە لێرەو لەوێ جۆرێك لەگەڵاڵەی بیرۆكەی دیموكراسییەت هاتوەتە ناو پرۆژەی سیاسی بزوتنەوەكەوە، كەتیایدا دیاریكردنی مافی چارەنوس، یان بڕیاردان لەسەر مافی چارەی خۆ نوسین بۆ گەلی كورد لەهەموو پارچەكانی كوردستان (باشور، باكور، رۆژهەڵات، باشوری بچوك) بەڕەوا بینراوەو كاری بۆ كراوەو دیموكراسییەتیش بەپاڵپشتو مكۆم كردنی بنەڕەتی باگراوەندی ئەو

داوا رەوایە دانراوە، یان تەماشاکراوە. گەلالەو بیرۆکەی دیموکراسی لەم کاتەدا نەک تەنها هاتبێتە ناو پرۆژەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردییەوە، بەڵکو هەندێ لەهێزو حیزبە سیاسیەکانی عێراقیشی گرتوەتەوە، ئەوەتانێ لەساڵی 1956و لەکۆنفرانسی دووەمی حیزبی شیوعی عێراقدا سەبارەت بەمەسەلەی کوردو مافە رەواکانی وتراوە (گەلی کورد لەعێراق بەشێکی جانەکراوەیە لەنەتەوەی کورد لەهەموو کوردستاندا) "مەبەست کوردستانی گەورەیە"نوسەر، کەلەنێوان عێراق‌و ئێران‌و تورکیا دابەشکراوە "باسی سوریا نەکراوە"نوسەر. هەروەها دەڵێ (ئۆتۆنۆمی لەسەر بناغەی یەکگرتنی دڵخوازو برایانە لەخەباتدا رێگە چارەیەکی کاتییە لەگەڵ هەلومەرجی ئێستا هەردوو نەتەوەکە) "واتە نەتەوەی کوردو عەرەب لەعێراق‌و کوردستاندا"، (رێک دەکەوێ‌و خزمەتی بەرژەوەندی هەردوو نەتەوەکە دەکات) هەروەها دەڵێ (بەلام چارەسەرێکی یەکجارەکی نییە کەجێگای مافی دیاریکردنی چارەنوس بگرێ، هەر ئەوەندەیە کەئەو چارەسەرکردنە هۆیەکی گرنگە بۆ رزگارکردنی گەلی کودرو وەدی هێنانی یەکێتی نەتەوایەتی‌و ئامادەکردنی هەلومەرجی لەبار بۆ ئەوەی گەلی کورد بتوانێ مافی خۆی لەدیاریکردنی چارەنوسدا بەکاربێنێ، کەبریتیە لەدامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ هەموو کوردستان) بەلام ئەگەر لەروی واقیعەوە تەماشای ئەو بیرو بۆچونانە بکەین، دەبینی ئەوەندە کاریگەر نەبوون‌و نەیانتوانیوە رەوتی وەستاو باوی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی‌و بزوتنەوەی سیاسی لەعێراق بەشێوەی گشتی بگۆڕن سەبارەت بەمەسەلە دیموکراسییەکان‌و چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەچوارچێوەیدا، بەڵکو بەهەمان گرفت‌و

گرێ کوێرەکانی پێشوەوە تلاونەتەوە. ئەمەش دوو سەرنجی بنەڕەتی‌و گرنگ دێنێتە پێشەوە بەم شێوە:

یەکەم: ئەوانەی وەلائیان بۆ دیموکراسییەت‌و چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لەو چوار چێوەیەدا بوە لەدەسەلات نەبوون‌و هەر بەو هۆیەشەوە نەیانتوانیوە پراکتیزەی بیرو بۆچونەکانیان سەبارەت بەمەسەلەی کورد بکەن. ئەو رژیم‌و فەرمانڕەوایانەی کەجلەوی دەسەلاتیان بەدەستەوە بووە دژ بەدیموکراسییەت بوون‌و چارەی مەسەلەی کوردییان نەویستوە. بەمەش هێندەی تر بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی بەرەو بزوتنەوەیەکی چەکداری‌و یاخی لەرژێمە دەسەلاتدارەکانی عێراق هەنگاوی ناوەو لەجیاتی ئەوەی دیموکراسییەت بکاتە پێوەرو لۆژیکی بیرکردنەوە، تەنانەت لەپاڵ ئەمەشدا ململانێی ناسروشتی‌و یەکتر بڕ لەنێو پەلوپۆکانی خودی بزوتنەوەکە تەشەنەی سەندوەو لەواقیعی ئەمڕۆشماندا پێوەی دەناڵێنن. لێرەدا جێی ئەوەش دەبێتەوە ئاماژە بەوە بکەین کەنا دیموکراسی بوون‌و نا بابەتی بوونی عەقڵ‌و فیکری بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی، بەتایبەت رێبەرایەتیەکەی بەقەد نادیموکراسی بوونی رژێم‌و دەسەلاتەکانی کەکوردستانیان بەسەردا دابەش کراوەو داگیرییان کردوە، رۆڵ‌و کاریگەری خراپی لەسەر چارەنوس‌و ئایندەی مەسەلەی کورد بینیوە.

دووەم: رەنگە نمونەی دوای راپەڕین لەواری بەدیموکراسیکردنی ئەم بەشەی کوردستان‌و بزوتنەوە رزگاریخوازەکەیدا، بەنمونەیەکی سەرکەتوو لەقەڵەم بدرێ، یان بەمانایەکی تر بەهەنگاوێکی چۆنایەتی ناوزەد بکرێ. بەلام دەبێ بپرسین (ئایا لەواقیعی ئەمڕۆشاندا بەهەمان گرفت‌و گرێ کوێرەکانی پێشووە ناتلێنەوە؟ بێگومان بەڵێ.. خۆ ئەگەر

وەڵامەکە لەلایەن هەندێ خەڵکەوە بەنەرخ بێ، دەتوانین هەم دیسان بپرسین (ئەوی ئەو هەموو شەڕو شۆڕو ململانێ نا سروشتیو یەکتربڕو نالۆژیکیانەی دوای راپەڕین.. بەهاری 1991 بخەینە چی خانەیەکی دیموکراسیو نیشتمانپەروەرییەوە؟ یان بۆچیو لەپێناوی چی داو رەوایەتیەکی لەکوێدایە؟ راستە دۆخی دوای ڕاپەڕین جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ پێشودا، بەڵام دەبێ بگەڕێینەوە لای ئەو راستییەی کەدوێنێو ئەمڕۆش بزوتنەوەی رزگاریخوازیمان تا ئێستاکەو بۆ داهاتووش بەرنامەیەکی بابەتیانەو تێگەیشتنێکی وردی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ روداوو پێشهاتەکاندا نییە، بەگوێرەی دیقەتی بەسەلیقە بۆ چەمکی دیموکراسییەت. یان دوور لەبیری تەسکی حزبایەتیو بەپێچەوانەوە جۆر لەگەڵ خواستو ئامانجە سەرەکیەکانی بزوتنەوەکە، کەبەلانی کەم بەکردار مافی بڕیاردانی چارەنوس کەمتر لەخۆ نەگرێ، لەگەڵ شۆڕبونەوەو خوێندنەوەیەکی وردو تەواو بۆ سەرجەم رەهەندە فیکریو فەلسەفیو سیاسیەکانی. دەبێ لێرەوە جارێکیتر بگەڕێینەوە لای ناکاملی رێبەرایەتی بزوتنەوەکەو بڵێین: ئەمە کوشندەترین ئەو نەخۆشیانەیە کەدەورانە جیا جیاو لەقۆناغەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازیماندا تێوەی گلاوینو دەرگیری بووین. بەبێ وەبیرهێنانەوەو نەفی کردنیانو هەڵێنجانی تێزی نوێ لەجێگایاندا، لەرەوتی تێکۆشانماندا هەم دیسان یاخەمان پێدەگرێتەوە.

# نمونەی دیموکراسی دوای راپەرین لەکوردستاندا-1991:

پێش راپەڕین بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی توشی تێکشکانێکی گەورەبوو، ئەم تێکشکانەش بۆ بزوتنەوەکە لەلایەك چاوەڕوانکراوبوو، لەلایەکی تریشەوە یەکێك بوو لەستراکتۆرە سەرکیەکانی گوتاری (بەعس). واتا خودی بزوتنەوەکە دەرگیری بابەت گەلێکی نا لۆژیکیو نا بابەتی بوو لەخوێندنەوەی تابلۆی روداوەکانی عێراقدا، کەئەو دەمەو لەسەرەتایی هەشتاکانەوە شەڕی (عێراق-ئێران) گەورەترین روداوی ناوچەکە بوو، وە گەورەترین پانتایی تابلۆکەی داگیرکردبوو، کوردیش بێئەوەی وێنەی راستەقینەی ئەو شەڕە بخوێنێتەوەو چارەنوسی خۆی تیا تەفسیر بکا، لەهەڵپەو پەلەقاژەی ئەوەدا بوو شتێ هەڵکرێنێ. ئەوەشی لەبەرچاو نەگرتبوو شەڕی (ئێران-عێراق) زۆر دووره لەو راستییەوە کەکورد بتوانێ سودمەند بێت تیایدا، بەڵکو

پرۆژەو مەسەلە گەلێکی تری گرنگ لەپشت ئەو شەڕەوە بوو کەلێرەدا جێی نابێتەوە. (بەعس)یش وەك هەمیشە پرۆژەی سڕینەوەو تێکشکانی کەینوونەی کوردبوونو مەسەلە رەواکەی ئامادەو سازبوە، دوای ئەوەی لەشەڕی ئێران بویەوە، فراوانترین پەلاماری بۆ سەر کوردستانو بزوتنەوە سیاسییەکەی دەست پێکرد (ئەنفال)وئیتر لێرەوە ئەو تێکشکانەی کەزۆرینەی بزوتنەوەی سیاسی کوردستانو دانیشتوانەکەی بڕوایان نەدەکرد روبدا، روویداو لەبەهاری 1988دا بوە ئەمری واقیعو ئەگەر بەڕەسمی راش نەگەیەنرابێ ئەوا کاردانەوەی زۆری جێهێڵا. خودی تێکشکانی هەندێ جار هاوکێشەو بیرکردنەوەکان دەگۆڕێو هاوکێشەو بیرکردنەوەی نوێ دێنێتە پێشەوە. بەڵام دەبێ ئەو راستییە بزانینو دانی پیابنێین کەکوردو بزوتنەوە سیاسییەکەی هەمیشە بەگرفتێکی گەورەوە نالاندویەتی ئەویش ئەوەبووە کەنەپێش تێکشکانو نەدوای تێکشکان واقیعی روداوی نەکردوەتە پرسیارو ئەو پرسیارانەشی تەفسیر نەکردوە کەلەگەرمەی روداودا لەدایك بوون. دروستبوونی بەرەی کوردستانی ئەگەر وەك واقیع خوردی کەیتەوە بەرهەمی تێکشان بووە. دروستبوونی وەڵامی پرسیارێکی گرنگ بوو. وەك ئەزمونیش لەمێژوی بزوتنەوەی رزگاریخوازیماندا لەئەزمونە دیارو بەرچاوەکانە. بەڵام مافی کۆی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردییە ئەو پرسیارە بکا کەئایا: دروست بوونی بەرەی کوردستانی لەدوای تێکشکانی "88" وەڵامی پرسیارە گرنگەکانی پێش خۆیو داهاتووی خۆی دایەوە؟ کاتێ کەدیقەت دەدەین بەرەی کوردستاانی بۆ خۆی پرۆسەیەکی دیموکراسی بوو، بەڵام ئەم پرۆسەیە بەردەوام نابێو رادەوەستێ. لەبەرئەوەی لەبنەڕەتدا بەرەی کوردستانیو ئەزمونی کاری دیموکراسی لەچوارچێوەی بەرەو

لەنێوان پەلوپۆکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردیدا، لەو هەنگاوانە بوو کەبەدرێژایی مێژوی بزوتنەوەکەو قۆناغەکانی تێکۆشانی پێویست بوو کاری لەسەر بکرایە، کەنەکراو دواتر لەدوای تێکشانێکەوە هات کەبزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی تەنها سەرکردایەتییەکانیانو بەشێکی کەم لەدەوروبەرەکەیان مابوەوەو ئەو پانتاییە جوگرافیەش کەمەیدانی بزاوتنو کارکردنیان بوو، لەلایەن (بەعس)وە سوتێنراو خاپورکراو دانیشتوانەکەشی کەوتنە بەر پەلاماری ئەنفال.

راپەڕینی 1991یش بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێ بچوێنرێ بەوەی کەبەرهەمی کارو خەباتی بەرەی کوردستانیە، بەڵکو دەرهاویشتەیەکی تری فیکرو سیاسەتی (بەعس)ە بەسەرجەم کایە جیا جیاکانیەوە. کۆی ئەو حیزبو رێکخراوو گروپە سیاسیانەی کەبزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی یان کوردستانی پێك دێنن، لەگەل راپەڕیندا دێنەوە، بەلاّم هاتنەوەی ئەمجارە جیاوازە لەئامادەبوونی پێش تێکشانیان لە"88". جیاوازییەکەش لەوێدایە کەپێش تێکشکان بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی هێزێك بوو لەپانتاییەکی تەسکدا کاری دەکردو زۆرتر وەك هێزێکی سەربازی لەبەرامبەر (بەعس) خۆی ناساندبوو، بەلاّم کەراپەڕین رویداو گەڕانەوە مەیدانو دواتر (کۆڕەو) دروست بوو، گەمەی سیاسی کوردی کەوت نێو هاوکێشە جیهانییەکانو بەماوەیەکی زۆر کەم بەشێکی زۆری خاکی کوردستان (باشوور) بوو بەمەیدانی گەمەی سیاسیو حیزبی ئەو پارتو گروپو رێکخراوانەی کەبزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی پێك دێنن. بۆ ئەمەش کۆی حیزبو رێکخراو گروپەکان بەپرۆژەی بەرنامەیەکەوە خۆیان خستە روو. لەبەرسەرکردنەوەو چاو پیا خشاندنێکی خێرادا ئەوەت بۆ روون دەبێتەوە کەهەریەك لەو حزبو رێکخراوانە کەبزوتنەوەی رزگاریمان لەقۆناغی رزگاری نیشتمانیدا پێك دێنن، سەبارەت بەدیموکراسیو چۆنێتی بەرجەستەکردنو پیادەکردنی ئەم دەستەواژەو دێرانەی لای خوارەوەت بۆ دەردەکەوی:

1-رەتکردنەوەی دکتاتۆریەتو تاکڕەوی.

2-بڕوابوون بەسیستەمی سیاسی دیموکراسی.

3-ئاڵوگۆڕی دیموکراسیانەی دەسەلاّت

4-فرە حزبیو ئازادی سیاسیو رێکخرابوون.

5-ئازادی دروستبوونی سەندیکاو رێکخراوەی جەماوەریو پیشەییەکان.

6-ئازادی مانگرتنو خۆپیشاندان، مافی مرۆڤو ئازادی هەڵبژاردن لەسەرجەم ناوەندەکانی چینو توێژەکان.

7-نەهێشتنی چەوسانەوەی رەگەزیو زمانو نەتەوەییو کەمینەکان.

8-مسۆگەرکردنی ژیانی دیموکراسیانەی هاوچەرخو.. هتد بۆ ئەوەی زیاتریش ئەو راستیانەی سەرەوە بسەلمێنن دەکرێ چەند نمونەیەکی دەقاو دەق وەك خۆی لەپرۆگرام یان بەرنامەی حزبەکان بهێنینەوە پێش چاو، وەك (دامەزراندنی سیستەمی سیاسی لەکوردستاندا لەسەر بنچینەی ژیانی پەرلەمانیو فرە حزبیو جێ گۆڕکێی دەسەلاّت بەشێوازی دیموکراسیانەو قوڵکردنەوەی ئەزمونی هەڵبژاردنی دیموکراسیانەو ئازادو نهێنی-دانانی دەسەلاّتی راپەڕاندن لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانەوەو پاراستنی سەربەخۆیی دەسەلاّتی دادوەری بەرنامەی حیزبی شیوعی کوردستان بابی لەباری سیاسییەوە).

(دابینکردنی ئازادییە دیموکراسییەکانو ئازادی رێکخستنی سیاسیو حیزبیو سەندیکایو پیشەییو کۆمەلاّیەتیو بلاّوکردنەوەی رۆژنامەو

راگەیاندن و رادەربڕین و کۆبونەوەو خۆپیشاندان و مانگرتن و مافی کەڵك وەرگرتنی لەدەزگاکانی دەوڵەت بۆ هەمو لایەن حزبە سیاسییەکان و رێزگرتن لەبیروڕای ئاینی-حیزبی شیوعی کوردستانی بەرنامە- لەبابی لەباری سیاسییەوە.. ل7) لەبەرنامەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەبابی ئامانجە سیاسییە گشتیەکاندا هاتوە دەنوسرێ (مسۆگەرکردنی ژیانی دیموکراسی و ئازادی فیکرو ئازادی ویژدان و دین و مەزهەب و کار، دەربڕینی بیروباوەڕ، ئازادی رۆژنامەنوسی، ئازادی هاتوچۆو نیشتەجێبوون، ئازادی رێکخستی سیاسی، نەقابی، کۆمەڵەی جوتیاران، ریکخراوە پیشەیی و دیموکراتیەکانی خوێندکاران، ژنان، مامۆستایان، زانایانی ئاینی، کارمەندانی تەندروستی و ئەندازیاران و لاوان،و.. هتد ئازادی پێکهینانی کۆمەڵەو رێکخراوو یەکیتی هونەرمەندان و نوسەران و یانەی وەرزشکاران. ئازادی مانگرتن و خۆ پیشاندان بۆ کرێکاران و جوتیاران و کۆمەلانی خەڵك، دابینکردنی مافە رۆشنبیری و کەمە نەتەوایەتییەکانی کوردستان وەك تورکمان و ئاشوری و عەرەب و پاراستنی مافی زمانە نەتەوایەتیەکان).

لەبەرنامەی بزوتنەوەی دیموکراسی خوازاندا هاتوەو دەنوسری (بزوتنەوەی دیموکراسی خوازان تێدەکۆشێ بۆ: سەرخستی ئەزمونی دیموکراسی وەك شێوازی فەرمان رەوایی و مامەڵە لەگەڵ خەڵك لەم بەشەی کوردستاندا، دژ بەفاشیزم و رەگەزپەرستی و هەموو جۆرە جیاوازییەکی نەتەوەیی و ئاینی و تایفەگەری، لەپێناوی چەسپاندنی رژێمێکی دیموکراتی شارستانی هاوچەرخ). (لەپرۆگرامی بڕیار لەسەردراوی پارتی دیموکراتی کوردستاندا- نوسراوە: پارتی ئیلیتزام بەدیموکراسییەت دەکات وەك ئامانج و رێبازو هۆیەك و هەوڵدەدا بۆ هێنانەدی و گەشەپێدانی، هەروا ئیلتیزام بەفرە حزبی و دەستاو دەستکردنی دەسەڵات دەکا بەشێوەی دیموکراسیانە) (لەبەرنامەی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستاندا هاتوە: تەواوی حزب و گروپ و لایەنە سیاسی و رۆشنبیری، پیشەیی و جەماوەرییەکان، هەموو کەسێکی کۆمەڵ ئازادبن بۆ دەربڕینی بیروڕای سەربەستانەی خۆیان. هەروەها هاتوە: بەهۆی ئازادی بیروباوەڕ هیچ کەسێك راوەدووی یاسایی نەنرێ و نەگیرێ و ئەشکەنجە نەدرێ و سوکایەتی پێ نەکرێ و لەسێدارەدانی سیاسی بەهەموو چەشنێ نەمێنێ).

بۆ ئەوەی شتەکان دوبارە نەبنەوە، دەبێ ئەوە بڵێین لەبەرنامەی زۆربەی هەرە زۆری حیزبەکاندا هەمان ئەو دەستەواژەو رستەو تێڕوانیانە بۆ دیموکراسییەت دوبارە بونەتەوە وەك لەبەرنامەی (بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان، پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان "هەڵوەشاوە"، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان)و..هتد بەهەندێك جیاوازییەوە کەرەنگە تەنیا لەشکلدا جیاوازییان تێدا بێ، سەبارەت بەدیموکراسییەت قسە کراوەو وەلائی خۆیانیان بۆ راگەیاندوە. دیارە روئیای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بۆ دیموکراسییەت جیاوازە لەگەڵ ئەوانیتر. هەروەها حیزبە ئیسلامیەکانیش روئیایان لێڵ و تەمومژی لەسەرە بۆ دیموکراسییەت و هەوڵدەدەین لەبەشێکی سەر بەخۆدا قسەیەك لەو بوارەدا بکەین. ئەوانەی بۆ نمونە هێنامانەوە مشتێ بوون لەبەرنامەی حزبەکان سەبارەت بەدیموکراسییەت، زۆرتریش لەوانە لەبەرنامەی حزبە سیاسیەکاندا لەمەڕ دیموکراسییەت هاتوە. بەڵام من گومانم هەیە لەوەی سەرجەم ئەو حزب و رێکخراوانە بەکردارو بڕوا بونێکی تەواوەوە چەمك و ناوەڕۆك و

پایە بنەڕەتیەکانی "دیموکراسی"یان هەزم کردبێ. چونکە سەرەڕای ئەوانەی وەك نمونە لەبەرنامەی حیزبەکاندا خستمانە روو، وەك باوەڕپێکردنو کارپێکردنی سەلمێنراو، هەر کامیان دەگری تا ئێستا باوەڕیان بەتوندوتیژی هەیەو کاری پێدەکەن. بەپنتێکی تر گرتنو زیندانی کردنو راوەدوونانو ئەشکەنجەدانو..هتد ئامادەبونی تەواوی لەسەرخانی عەقڵی حزبەکاندا هەیەو ئەگەر هەندێجار بەئاشکراش نەبێ بەنهێنیو ژێراو ژێر کاری پێدەکەن. کەوابوو بینای گوتاری سیاسیو فیکری کۆی ئەو حیزبانە کەبزوتنەوەی رزگاریخوازی پێك دێنن پێش هەموو شتێ وەلائی بۆ کلتورێك هەیە کەبەردەوام توندوتیژی بەرهەم دێنێ، نەك تێکشاندنی کلتورێك کەتا سەرمۆخ پڕە لەتوندوتیژیو چێکردنی فەزایەکی دیموکراسیانە لەجێگایداو بەرهەمهێنانی کلتورێك کەتوندوتیژی بەهەموو مانایەك بداتە دواوە. دەتوانین (پارتیو یەکێتی) وەك دوو حیزبی بەرفراوانو دەست رۆشتوو لەلایەكو ئیسلامیەکان وەك دوو نمونەی دیاری پێشێلکردنی دیموکراسی بێنینەوەو قسەی لەسەر بکەین. دیارە پارتیو یەکێتی بەو پێیەی کەدوو حیزبی دەسەلاتدارنو حزبو گروپە ئیسلامیەکانیش دیموکراسی بەبیدعەی ئەوروپاو رۆژئاوا دەزاننو لەناو بەشێکی زۆریاندا جیهاد لەدژی بەڕەوا دەبیننو کاری بۆ دەکەن. ئەگەر باسی نمونەی یەکەم بکەین واتا (پارتیو یەکێتی) دەبێ بڵێین لەناوەڕۆکدا پێشێلی ناوەڕۆکی بەرنامەو تێڕوانینەکانی خۆیان دەکەنو ئەو بڕوابوونەی خۆیان بەدیموکراسییەت رەد دەکەنەوە. چونکە ئەو عەقڵی پاوانخوازیو شەڕانگێزییەی لەنێو پرۆسەی کرداری ئەواندا ئامادەبوونی هەیە دوورە لەبڕوا بوونو هەزمکردنی چەمکە سەرەتاییەکانی دیموکراسییەت. دیارە بەم عەقڵو تێڕوانینەی ئێستاشەوە ئاسۆیەك بۆ دەربازبوونی (پارتیو یەکێتی) لەپرۆسەی پێشێلکردنی دیموکراسیدا نییە. رونتر رێبازو کلتوری دیموکراسی تەنها لەبەرنامەکەیاندایەو بەس، بەڵکو وەك واقیعو پێویستییەکی ژیاری لەگوتارو بیرکردنەوەی ئەواندا ئامادەبوونی نییە. زۆرێك لەحزبو رێکخراوەکانی تریش لەچوارچێوەی ئەم کلتورو بیرکردنەوە دەرنەچوون، بەڵکو تا رادەیەکی بەرچاو لەژێر کاریگەری ئەم جۆرە کلتورو بیرکردنەوەدانو کاری پێدەکەن. ئەمەش بۆ خۆی میراتێکی خراپی کۆمەڵگای رۆژهەلاتییەو بەردەوام لێمان دەخواو کۆی پرسیارە جیدییەکانمان لەبەردەمدا دەکوژێ. یان ناهێڵێ پرسیاری جیدی دروستبێو گفتوگۆو یەکتر قبوڵ کردن دەداتەوە. ئەگەر رونتر قسە بکەین دەبینی لەتێوەگلانی بچوکترین کێشە زۆ بەئاسانی (چەك) دەکەنەوە پێوەرو لۆژیك بۆ یەکلایی کردنەوەی. واتا (چەك) لەکۆمەڵگای ئێمەدا لەنێو حزبو رێکخراوەکاندا بەتایبەتی لای (پارتیو یەکێتی)ی ئاسانترو رێگە چارەیەکی گونجاوتر، لەبەرامبەر گفتوگۆی بابەتیانەو شارستانیانە. واتا حیزبی کوردیو لەسەرووی هەموویانەوە (پارتیو یەکێتی) تا ئێستا نەیانتوانیوە دەست بەرداری توندوتیژی بنو لەگەڵ خودی خۆیانو دەوروبەرو چینو توێژەکانی کۆمەڵدا بکەوتنە گفتوگۆوە. رەنگە لێرەدا بگوترێ: ئەدی چۆن مەگەر هەڵبژاردنی ساڵی 1992 لەکوردستان باشترین نمونەی بەرجەستکردنی دیموکراسییەت نەبوو، کەکۆی چینو توێژەکانی خەڵك بەوپەڕی ئازادانە روویان لەسندوقەکانی دەنگدان کرد بۆ دەنگدان؟ یان رەنگە بگوترێ: مەگەر هەڵبژاردنی قوتابیانو مامۆستایانو شاروانیەکانو سەندیکاکانو..هتد نمونەی بەرچاوی بەرجەستەکردنی دیموکراسی نین؟ یاخود مومکینە بگوترێ ئەوە

هەموو حزبو ڕێکخراوە جەماوەریو پیشەییەکانو چەند ڕۆژنامەو گوڤارو دەزگای ڕاگەیاندن نییە، مومارەسەی ئازادییەکانی خۆیان دەکەنو دەڵێنو دەنوسن؟ بۆ وەڵامی پرسیاری یەکەم دەبی بڵێین ڕاستەو هەموو لایەك ئەو ڕاستیە دەزانین ئەو پرۆسەیە واتا هەڵبژاردنی 1992 پاش دەرپەڕاندنو کشانەوەی دامودەزگاکانی (بەعس) لەکوردستان یان بەشە ڕزگارکراوەکەی کوردستان دوای ڕاپەڕین هات. بەڵام زۆر مەنتیقییەو دەبێ بەلانی کەم بۆ هەڵسەنگاندنی ئەزموونو پرۆسەیەکی لەو چەشنە بەراورد یان خوێندنەوەیەك بۆ ڕۆژی دەنگدانەکەو ئەم چەن ساڵەی دوای دەنگو وانەکەو شەڕو شۆڕو کوشتنو بڕینو ململانێ ناسرو شتییەکان بکەینو ئەو کاتە بریار بدەین. چونکە تاکە پێوەر بۆ سەلماندنی ئامادەبوونی دیموکراسییەت لەم بەشەی کوردستاندا نە ئەوەیە کەلەبەرنامەی حزبەکاندا بەتایبەت (پارتیو یەکێتی) هاتوەو نەئەو نمونەشە کەلەهەڵبژاردنی ساڵی 1992 پێشکەشمان کرد. بەڵکو ئامادەبوونی دیموکراسییەتی ڕاستەقینە ئەوەیە لەناو ڕەوشی ژیانی کۆمەڵگاو ڕوداوەکاندایەو کاریگەرییەکانیەتی لەسەرخانی عەقڵی حزبو ڕێکخراوەکانو کۆمەڵ، ئەگەر سەرخانی عەقڵی حزبو ڕێکخراوەکانو کۆمەڵ تا ئەم ساتەش وەك کردار قبوڵی دیموکراسییەتی نەکردبێ، کەوابوو ناتوانین بیسەلمێنین ئەوەی وەك بەرنامە نوسراوەو ئەوەشی وەك ئەزموونو هەڵبژاردن پێشکەشمان کرد دیموکراسییەتە. وەڵامی دوو پرسیارەکەی تریش بۆ باسەکانی داهاتوو جێ دێڵین لەم نوسینەدا. بەڵام لەپاڵ ئەمەدا دەتوانین پرسیارێکی لەم چەشنە بکەین: ئایان ئامادەبوونی دیموکراسییەت لەبەرنامەی حزبو ڕێکخراوەکاندا (سیاسییە)کان تا چی ڕادەیەك

توانیویەتی ئینتمای خەڵك لەخێزانەوە بۆ کۆڵانو شەقامو شارو سندوقەکانی دەنگدان بگۆڕێ؟ یان وەکی تر: ئینتمای خەڵك لەعەشرەتو تایفەیو کۆڵانو شارەوە بۆ نیشتمان بگۆڕێ؟ کەسەرەنجامەکەی دەبێت= بەشۆڕشێکی ڕۆشنبیری دیموکراسی. من وای دەبینم نەك ئینتمای (تاك) لەعەشرەتو تایفەو کۆڵانو شارەوە بۆ نیشتمان، بەڵکو نەیتوانیوە ئینتمای ڕێبەرایەتییەکی خۆشی بگۆڕێ بۆ گوتاری بزوتنەوە سیاسیەکەی. بەمەشا دەبینی لەبری ئەوەی ئەندامو لایەنگیرانی ئەو حزبانە ئەوەندەی ئینتمایان بۆ بەرنامەی حزبەکانی خۆیان هەبێ کەخاڵی گرنگ تیایاندا دیموکراسییەتە، ئینتمایان بۆ عەشرەتو تایفەو خێڵو دیوەخان ڕزگاری نەبوە، بەڵکو زۆربەی بڕیارەکان بەپشت بەستن بەعەشرەتو خێڵو دیوەخان دەردەچنو جێبەجێ دەکرێن.

ئەمەش جۆرێکە لەکارەساتی فیکریو سیاسیو لەرابوردودا باجەکەیمان داوەو ئێستاو ئایندەش باجەکەی قورسترە.

بارونتر قسە بکەینو پایە بنەڕەتیو سەرەکیەکانی دیموکراسییەت ڕوون بکەینەوە (دەستور، ئازادی، ڕاو ڕادەربڕین، فرە حزبی، سیستەمی نوێنەرایەتی کردن، جێ گۆڕکێ بەدەسەڵات، دەسەڵات لەگەلەوە بۆ گەلو لەپێناوی گەل، گەل سەرپشك بێ لەدەست نیشانکردنو نەکردن)و..هتد ئەمانە سەرجەم لەپرۆسەیەکی ڕۆشنبیری دیموکراسیو هەڵبژاردنی ئازادەوە سەرچاوە دەگرن. وەك لەسەرەتادا ئیشارەتمان پێکرد هەموو ئەوانە ئامادەبونی تەواویان لەبەرنامەی حزبو ڕێکخراوەکاندا هەیە، بەڵام ئەگەر جێبەجێکردنو تێگەیشتنی لەو شێوازو ئاستەی پێشوو ئێستادا بێ، دەبێ بگوترێ زۆرمان ماوە بگەینە ئەو ئاستەی دیموکراسیانە بیربکەینەوەو کۆمەڵگا

بینا بکەین. بەمانایەکی تر بەمە خوێن ساردیو ململانێ نالۆژیکیو ناسروشتییەی ئێستامانەوە ناتوانین بەدیموکراسییەت ناگەین بەماناو تێگەیشتنە راستەقینەکەی، بەتایبەت ئێمەیەك کەئێستا لەقۆناغی رزگاری نیشتمانیدانو زۆر ئەرکی فەلسەفیو کلتوریو فیکریو سیاسیو..هتد لەپێشمانە.

## ئەزمونی دیموکراسی لەنێو رێکخراوە جەماوەریو پیشەییەکاندا، لەدوای راپەرینی بەهاری (1991)ەوە:

لەو بەشەی پێش ئەم باسەماندا ناوی هەڵبژاردنی قوتابیانو مامۆستایانو شارەوانیەکان هاتە ناوانەوە جێی خۆیەتی لێرەدا ئاوڕێك لەو مەسەلەیەش بدەینەوە، ئەگەرچی ئەمەیان تا رادەیەك باسێکی سەربەخۆو دەکرێ بەجیا باسی لێوە بکری. هاوکات دەشتوانرێ وەك لایەنێکی گرنگی ئەم باسە تەماشا بکرێ. چونکە ڕێکخراوە جەماوەریو پیشەییەکان بەشێکی جیانەکراوەن لەبزاڤی سیاسی هەر وڵاتێكو ئەوانیش مەرجی سەرەکین بۆ بەدیهێنانو بەرجەستەکردنی دیموکراسی. ئێمە بۆ ئەوەی باسەکەمان بابەتیانە بێ دەبێ بەچەند پرسیارێك دەست پێ بکەین: ڕێکخراوە جەماوەریو پیشەییەکان کێن؟ رۆڵیان لەکۆمەڵگادا چییە؟ ئایا ڕێکخراوی جەماوەریو پیشەییمان بەمانا راستەقینەکەی هەیە؟ ڕێکخراوە جەماوەری پیشەییەکان پاشکۆی حزبەکانن، یان سەربەخۆن؟

لەوەڵام بەو پرسیارانەدا زۆر بابەت گەل هەنو دەبنە وەڵام بۆیان، بەڵام گرنگترینیان ئەوەیە لەواقیعی ئەمڕۆی کوردستاندا یەك ڕێکخراوی جەماوەریو پیشەیی سەربەخۆ نییەو بچوکترین ڕێکخراو پاشکۆی حزبە. واتە حزبو بەرنامەی حزبەکان خاوەنی راستەقینەی سەرجەم ئەو ڕێکخراوانەیە کەلەگۆڕەپانی کوردستانی رزگارکراودان. هەموو بزاوتنو هەڵسو کەوتێکیان لەچوارچێوەی عەقڵو بەرنامەو ئاراستەی حزبەکاندایە. ئەگەر حزب لەکوردستاندا شتێکی پێ باش نەبێ هیچ یەك لەو ڕێکخراوانە دەستی بۆ نابەنو نایکەن. کەوایە حزب لەکوردستاندا خاوەنی شەرعیو راستەقینەی سەرجەم ڕێکخراوە جەماوەریو پیشەییەکانە. ئا لێرەوە دەکرێ بڵێین: ڕێکخراوەکانی لاوان، قوتابیان، خوێندکاران، کاسبکاران، کرێکاران، جوتیاران، مامۆستایان، ئافرەتان، ئەندزایارانن..وهتد سروشتو پێکهاتەیان، سروشتو پێکهاتەیەکی حزبییە، رونتر دەمامکی حزبو بۆ حزبو لەپێناوی حزبو لەخزمەتی حزب دروستکراوان. بۆ نمونە دەبینی هەر حزب یان ڕێکخراوێکی سیاسی تازە دروست دەبێ، راستەوخۆ پرۆژەی پێکهێنانی ڕێکخراوی "لاوان، قوتابیان، ئافرەتان"یش دەخاتە ناوانەوەو رای دەگەیەنێ ئیتر گرنگ بەلای ئەو حزبە یان ڕێکخراوە سیاسییەوە ئەوەیە ڕێکخراوێکی هەبێو ناوی ڕێکخراوی لاوان، قوتابیان، ئافرەتان، مامۆستایان بێو پڕوپاگەندە بۆ ئەو بکەن. ئەمەش وایکردوە ڕێکخراوە جەماوەریو پیشەییەکان خاوەن بەرنامەو پرۆژەیی تایبەت بەخۆیان نەبنو نەتوانن ببن بەڕێکخراوی فشاربەر بۆ سەر دەسەڵاتو نەتوانن خزمەت بەو توێژە بکەن کەلەپێناویدا دروستکراوە هەروەها لەگەڵ حزبەکاندا هیچ گرفتێکیان نەبێو لەگەڵ دابەشبوونی حزبەکاندا دابەشبوونی ئەمانیش روودەدا، لەبەرانبەر ئەمەشدا ئەو حزبەی ڕێکخستنەکانی فراوان بێو جەماوەری بێ، ڕێکخراوەکانی قوتابیانو لاوانو مامۆستایانو ئافرەتانیشی فراوان دەبێو خەڵکێکی بەرچاو لێی کۆدەبنەوە. ئەو حزبەش ڕێکخستنەکانی لاوازبێو جەماوەری نەبێ، دەبینین ڕێکخراوەکانی "لاوانو قوتابیانو ئافرەتانو مامۆستایانی لاواز دەبێ. یان هەر حزبێك لەهەر شارو شاروچکەو جێگایەك ڕێکخستنی حزبی نەبێ دەبێو هەرواشە ڕێکخراوەکانی "لاوان، قوتابیان، ئافرەتان، مامۆستایان"ی نەبێ. بەم پێیەش هیچ یەك لەو ڕێکخراوانەی کەناومان هێنان نەیانتوانیوەو ناتوانن ببنە ڕێکخراوی دیموکراسیو جەماوەریو جێی متمانەی چینو توێژەکانی کۆمەڵ. هەر لەبەر ئەمەشە ناتوانن ببنە هەوێنی

گۆڕان و پێشکەوتن و داهێنان لەکۆمەڵداو ناشتوانن روبەڕووی هەر ئەگەرێکی مەترسیدار ببنەوە. چونکە ئەوان لەبنەڕەتدا بەعەقڵی حزب و بەدەست پێشخەری حزب و وەکو لەجێگایەکی تردا وتمان لەپێناو حزب و خزمەتی حزبدا دروست بوون. دەتوانین لەم چەند دێڕەدا ئەو راستیەش بێژین کەئەو هەڵبژاردنانەش لەنێوەندەکانی قوتابیان و مامۆستایان و چین و توێژە جیاجیاکاندا ئەنجام دراون و ئەنجام دەدرێن هەڵبژاردنی سیاسی و پڕوپاگەندەی حزبین نەك چین و توێژەکان. بۆ نمونە بەهێزترین مامۆستا، بەهێزترین قوتابی، بەهێزترین جوتیار، کرێکار، بەهێزترین کەسایەتی لەبەرانبەر لاوازترین کەس خۆیان کاندید بکەن بۆ جێگای دیاریکراو. ئەگەر کەسە لاوازەکە وەلائی سوڵتە بوو یاخود خۆی بۆ حزبی سوڵتەو فەرمانڕەوا کاندید کردبوو، ئەوپەڕی پاڵەپەستۆ دەخەنە گەڕ تەنها لەپێناوی ئەوەی دەنگی پێ بدرێ و پشتی کاندیدە بەهێزەکەی پێ بدەن بەزەویدا، ئەمە جگە لەچاو سورکردنەوەو هەڕەشەو خستە پێشی مەترسی جۆراوجۆر لەبەردەم دەنگدەران و هاوکات کاندیدە بەهێزەکاندا. لەراستیدا شەرمە مامۆستایەك بڵێ لەبەرئەوەی دەنگ بەفلان مامۆستا دەدەم بۆ ئەوەی نەگوێزرێمەوە. قوتابیەك بڵێ لەبەرئەوەی دەنگ بەفلان قوتابی لاواز دەدەم بۆ ئەوەی دەرم چێنن و فەسڵ نەکریم و..هتد.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا لەحاڵەتی ئاوهادا هیچ مانایەك بۆ دیموکراسییەت و ئیدعاکردنی دەمێنێتەوە؟ ئایا ئەم جۆرە رەفتارە بێ لەوەی زۆر دوورە لەدیموکراسی و بەها گرنگەکانییەوە ناچێتە خانەی توندوتیژی و تۆقاندنی فیکری و سیاسی و ئازادی و ئینتماو دەنگدان و رادەربڕینەوە؟ یان: ئایا ئەو رێکخراوانەی ناومان هێنان دەتوانن ببنە پایەی بنەڕەتی پێکهێنانی کۆمەڵێکی مەدەنی و دیموکراسی و داکۆکیان پێ دەکرێ لەمافە دیموکراتیەکان و مافی چین و توێژەکان و سەرجەم ئەندامەکانی؟ من پێموایە چی ئەو پرسیارانەو چی ئەو چەند دێڕەی لەپێشەوە وتران وەڵامی راست و دروستن و گرێ گۆڵی تیا نامێنێتەوە. بەڵام ئەوەندە هەیە نەخۆشی و بیرکردنەوەی چەوتی حزبەکان لەمەڕ ئازادیە دیموکراسییەکان و بەدیهێنانی و بەرجەستەکردنی، سەرجەم رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانیش لەقاڵب داوەو لەتواناشدا نییە بەم پێکهاتەو سروشتەی ئینتمایانەوە قسەیەکی جیدی بن لەکۆمەڵدا.

# کۆمـــەڵ لەســـایەی قۆناغـــەکانی بزوتنـەوەی رزگـاریخوازیو ئـەزموونی دیموکراسیدا..

ئەگـەر بزوتنــەوەی رزگاریخوازیمـان بەدرێـژایی مێـژوو لـەو چـەند نمونـەیی کـەباسمان کـرد قوتـاری نـەبوبێو پێـوەی تلابێتـەوە، دەکـرێ بپرسـین کۆمــەڵی کـوردی، یـان کۆمــەڵگای کـوردی تـا چـەند لـەژێر کاریگەری دیموکراسییەتو کارکردەکانیدا بـوە؟ ئەگـەر دروسـت وابـێو کۆمـەڵی کـوردی تێکـەڵاوی تـەواوی لەگـەڵ دیموکراسـییەتدا کردبـێو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کـوردیش رۆڵـی باشـی تیـا بینیبـێ، خـۆ دەبـێ ئێستا کۆمـەڵێکی تـەواو دیموکراسـیمان هـەبێ؟! باشـە ئەگـەر کلتـوری کـوردو جوڵانـەوەو بزوتنـەوەکانی شـەڕو ململانێـی یـەکتر بـڕو خـوێن لەبـەر چـۆڕان بووبێـت، دەبـێ چـی بـۆ کۆمـەڵی کـوردی جـێ هێڵابـێ؟ ئەگــەر تێگەیشــتنی بزوتنەوەکــە تێگەیشــتنێکی هــەڵاو گێڕبووبــێ لەدیموکراسییەتو کایە گرنگەکانی، دەبێ بەچی شێوازێكو لەسەر چی بنچــینەیەك دەورو بەرەکــەی تێگەیانــدبێ؟ لــەکاتێکا دیموکراســی پایەیەکی گرنگە لـەبزاڤی سیاسی هـەر کۆمەڵگایـەكو جیـا ناکرێتـەوە لــەبوارەکانی تــری ژیــانی کۆمــەڵگا، وەك (رۆشــنبیری، کۆمەڵایــەتی، ئــابوریو..هتــد) بــەڵکو بەپێچــەوانەوە لــەکاتێکا دیموکراســییەتی

راستەقینە دێتە کایەوە بزاڤی سیاسی کۆمەڵگا بتوانێ لەپێکهاتەو فیکرو گوتاری خۆیدا بەرجەستەیکاو دواتریش بوارەکانی تری پشتگوێ نەخا، چونکە ئەم لایەنەیان تەواوکەری ئازادییە دیموکراسییەکانە. لەبەشەکانی پێشودا دیتمان حاڵی گوتاری بزوتنەوەی رزگاریخوزایمان لەبەرامبەر دیموکراسیدا چۆن بوو، پێ ناچێ حاڵی کۆمەڵگای کوردی لەبواری تێگەیشتن‌و بەرجەستەکردنی دایموکراسییەتدا لەحاڵی بزوتنەوەی رزگاریخوزایمان باشتر بێت. ئەگەر رونتر قسە بکەین دەبێ بڵێین هەموو شتێ (باش‌و خراپ) لەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا بەرهەمی عەقڵ‌و بیرکردنەوەی بزوتنەوە رزگاریخوازەکەی رژێمە داگیرکەرەکان. تەنانەت رۆشنبیری‌و کلتوریش بەهەموو کایە مەعریفیەکانیەوە. هەربۆیە سەرەڕای ئەوەی لەبواری فیکرو سیاسەت‌و پێویستییە کلتوری‌و رۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگادا، نەمانتوانیوە مەعریفەی نوێ بەرهەم بێنن، بەڵکو دەرگیری تەسکترین بازنە ناواقعی ترین عەقڵی حزبایەتی کردوین. مەبەستمان نییە لێرەدا حزبی بوون یاخود حزبایەتی کردن بکەینە لەکە، یان بۆ خۆی لەبنەڕەتدا لەکەبێت. بەڵکو ئەو کاتە دەبێتە لەکەو ناشرین دەبێت کەبەشێوەیەکی عەدەمیانە مامەڵەی لەگەڵ بکەین، وەك چۆن ئێستاو لەرابوردوشدا حزبی بوون‌و حزبایەتی کردن بوە بەئامانجێکی مەترسیدارو سەرچاوەیەك بۆ مکوّم کردنی پایەکانی دەسەڵاتی خێزان‌و بنەماڵەو خێڵ‌و عەشرەت. لەکۆمەڵگای کوردیدا لەبری ئەوەی رۆشنبیران‌و خوێنەران ببنە سەرچاوەی داهێنان‌و دیوارو یاسا بڤە دەستکردەکان تێك بشکێنن کەچی لەمەنگەنەی تەسکی بەحزبی بوندا فیکرو بیرکردنەوەی خۆیانیان گوشیوەو بۆ حزبایەتی تەسك بیردەکەنەوە. ئەگەر ورد دیقەت بدەین کەئەمە دۆخ‌و توانای

بزوتنەوەکە بێ لەتەوزیفکردنی فیکرو گوتارێکی نا یەکسان بەپێشکەوتن‌و کۆمەڵگایەکی مۆدرێن‌و رۆشنبیرو خوێنەرانیش لەو سنورو چوارچێوەیەدا خولابێتەوە، نەك دوور نییە بەڵکو لەراستیدا کۆمەڵگای کوردی‌و دیموکراسییەت دوو مەسەلەی یەکتربڕن. ئەگەر بمانەوێ لەمەزیاتر قسە بکەین دەبێ بگەڕێینەوە بۆ لای دیاردەکانی نێو کۆمەڵگا، کەدیموکراسییەکەمان لەخەڵکی نادیموکراسی نادیموکراسی ترە. یان دەتوانین میکانیزم‌و شێوازی مامەڵەکردنمان لەخێزانەوە بۆ دەرەوەی خێزان، لەباوکەوە بۆ مناڵەکانی، لەبەڕێوەبەرە بۆ کارمەندەکانی، لەمامۆستاوە بۆ قوتابیەکانی، لەسەرۆکەوە بۆ دامودەزگاکانی حکومەت، لەسەرۆك عەشەرەتەوە بۆ عەشیرەتەکەی، لەحزبەوە بۆ ئەندامەکانی، زۆرو زۆری تر نمونەیەکن لەتێنەگەیشتنمان لەچەمك‌و ناوەڕۆکی‌و دیموکراسی‌و کۆمەڵگایەکی دوور لەدیموکراسی. واتا کۆمەڵگای کوردی پێویستی بەوەیە سەرتاپێ بەکلتورو فیکرو سیاسەت‌و حزبایەتی‌و..هتد رەخنەو خوێندنەوەیەکی چڕو بابەتیانەی خۆی بکا لەپێناوی کۆمەڵگایەکی لەش ساغ‌و تەندروست، بەلەبەر چاوگرتنی تێزو رەهەندە فەلسەفی‌و فیکری‌و سیاسی‌و رۆشنبیرییە نوێیەکان‌و ئەو پێکهات‌و سروشتیە شێواوو پڕ لەگرێ گرفتەش لەبنەڕەتەوە هەڵتەکێنێ‌و تێك بشکێنێ. من وای دەبینم کۆمەڵگای کوردی بە(کلتورو رۆشنبیری‌و سیاسەتیەوە) کۆمەڵگایەکی تەندروست نییەو نالەش ساغە، بزوتنەوەی رزگاریخوازیش هێندەی تر بوە بەهۆکاری فراوانبونەوەی ئەم نا لەش ساغی‌و نا تەندروستییەی، ئەمەش مانای ئەوە نییە ئیتر ناتوانرێ کار بۆ پێك هێنانی کۆمەڵگایەکی لەش ساغ‌و تەندروست بکرێ، بەڵکو مەسەلەکە لەوێدا رادەوەستێ یان دەبێتە پرسیار: پرۆژەی گوتاری

کوردی، بەتایبەت بزوتنەوە سیاسیەکەی بۆ گۆڕینی ئەم کۆمەڵگا نا لەش ساغو ناتەندروستە چییە؟ ئەگەر بزوتنەوەیەکی سیاسی لەواقیعدا خودی خۆی نا لەش ساغو ناتەندروست بێتو نەیتوانیبێ هەزمی روداوو دەورو بەربکا، لەسەرووی هەموویانەوە تێگەیشتن لەچەمکی دیموکراسییەت، مەحاڵە بتوانێ کۆمەڵگاو پێك هاتە نالەش ساخو ناتەندروستەکەی بگۆڕێ، کەوایە خودی بزوتنەوەکە لەپێش هەر شتێکەوە پێویستی بەگۆڕانی ریشەیی فیکریو کلتوری هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ لەئاست پێویستییەکانی کۆمەڵگا، نەخشەو وەڵامی جیدی پێ بێ، نەك دەستەو وەستانو کارکردن لەسەر زیندوکردنەوەی رابوردوو کەکۆمەڵگاو کۆمەڵدا دانیشتوانەکەی هێندەی تر بەرەو دواوە دەباو لەپێشکەوتن دای دەبڕێ.

# ئیسلامی سیاسی لەکوردستانو ئەزموونی دیموکراسی..

لەیەك دوو جێگای ئەم باسەدا ناوی ئیسلامی سیاسی هات، بۆیە بەباشمان زانی ئەم باسە بکەینە بەشێکی سەربەخۆو هەندێ قسەی لەسەر بکەین. بەتایبەت کەهەندێ لایەنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردیو کۆمەڵی کوردیمان قسە لێکردو شیکردەوە، باسی ئیسلامی سیاسیو کاردانەوەی لەم بوارە بەباش یان بەخراپ نەهێنینەوە بەرچاو. بەتایبەت بۆ واقیعی ئەمڕۆمان کەئیسلامی سیاسی لەژێر هەر پەردە، یان بەهۆی هەر فاکتەرێکەوە بێ لەگۆڕەپانەکەدا بوەتە ئەمری واقیع. بەڵام ئەو بەئەمری واقیع بونەی مەرج نییە والێك بدرێتەوە کەسەرکەوتنیان بەسەر کۆمەڵگادا مسۆگەربێ، بەڵکو ئەوانیش مێژوی فیکریو سیاسیان سەبارەت بەدۆزو چارەنوسی کوردو مەسەلەی دیموکراسییەت چەندین پرسیاری لەسەرە وەك: ئایا ئیسلامی سیاسی دروست بی دەربازکردنی مەسەلەی کوردی لەتەنگانەو

کەموکوڕییەکانی لەسایەی بزوتنەوەی رزگاریخوازییەکەیدا دروست بووەو هاتوەتە پێشەوە؟ ئایا ئیسلامی سیاسی قبوڵی دیالۆگی دیموکراسیانەو شارستانیانە دەکا لەروبەڕووبونەوەی مەسەلەکاندا؟ ئایا ئیسلامی سیاسی گوتارێکی رۆشنی هەیە تا بتوانێ ببێتە ئەو ناوەندە بەهێزەی کورد لەچوارچێوەی خۆیداو بۆ داکۆکی کردنو بەدەستهێنانی مافەکانی کۆ بکاتەوە؟ ئایا ئەوان چەکی یەکلاکەرەوەیان لەگەڵ نەیارەکانیان دیموکراسییەتە؟ ئایا ئەو حیزبە ئیسلامیانە ئامادەن لەپرۆسەیەکی دیموکراسیدا دەسەڵات بگرنە دەستو بەهەمان شێوەش لەپرۆسەیەکی دیموکراسیدا دەسەڵات جێ بێڵن؟ من بڕوام وایە بۆ وەڵامی تێکڕای ئەو پرسیارانەو هەڵێنجانی روئیایەکی رۆشن لەسەر هەڵوێستو بڕوابوونی ئیسلامی سیاسی یاخود حزبە ئیسلامیەکان لەکوردستان بەدیموکراسییەتو چەمكو بنەما سەرەکییەکانی، ئەگەر هەندێك نەگەڕێینەوە دواوە ناتوانین مافی خۆی بەمەسەلەیە بدەین. چونکە لەبنەڕەتدا هەڵوێستی سەرجەم حزبە ئیسلامیەکان لەسەر چەمكو واتای (دیموکراسی) یەك هەڵوێست یان روئیایەو بە(بیدعە)ی رۆژئاواو ئەوروپای دەزانن. لەمەشەوە ئیتر ئەوان (جیهاد) لەپێناوی رەوکردنەوەی دیموکراسیدا بەڕەواو مەشروع دەزانن و بەشێوازی جۆراوجۆر بانگەشەی بۆ دەکەنو میکانیزمی جۆراو جۆریش بۆ بەکاربونی بانگەشەکانیان بەکار دەبەنو دێنن. لەهەندێ حاڵەتیش دا کەدۆخەکە هاوکارییان نەکا ئەوا بەهەر مەبەستو ئامانجێك بێت قسە لەوە دەکەن کەبڕوایان بەدیموکراسی هەیەو ئامادەن لەچوارچێوەی پرۆسە دیموکراسییەکاندا کارو بارەکانیان هەڵسوڕێنن.

ئێستا لەسەرتاسەری ئەو وڵاتانەی کەئیسلامی سیاسی تیایاندا بوونی هەیە بەسەر چەن رەوتو باڵێکدا بەش بوون، کەدیارە لەکوردستانیش بەهەمان شێوەیە وەك: حیزبە ئیسلامیەکانی (ئیخوان موسلمین) کەسەرچاوەیەکەشیان (ئیخوانی دەولی)یە، ئەمان بەپێی دەرفەتو دۆخ دەردەکەونو بوونی خۆیان رادەگەیەننو کاردەکەن، ئەم باڵە هەندێجار میانڕەونو زۆرجاریش لەوپەڕی توندڕەوییەوە گوتارو هەڵوێست دەدەن.

ئیسلامیە توندڕەوەکان زیاتر لە(ئیخوان) لەئەنجامی ململانێکان جیابونەوەو تەبەنی فیکرو بیرکردنەوەی (وەهابی) دەکەن، لەگەڵ دروستبوونو سەرهەڵدانیان لەهەر جێگاو شوێنێکدا پەنا دەبەنەبەر کاری توندوتیژیو تۆقاندنو دیموکراسییەت بەهەموو مانایەك رەد دەکەنەوە. حیزبو رێکخراوە ئیسلامیە شیعەکانیش کەمتر خۆیان لەقەرەی دیموکراسیی دەدەنو هەموو شتێ لەپێناوی باڵا دەستی شیعە دەگەڕێننەوە بۆ مەرجەعی باڵای شیعەو ئەوەشی (ئەو) بڕیاری لەسەرنەدا بەحەرامو یاساغ لەقەڵەمی دەدەن. سەلەفیەکانیش هەموو شتێ دەگەڕێنەوە بۆ ئەسل (بنەچە)و تەنانەت هەندێجار نەك دژی دیموکراسیو پێشکەوتن خوازین، بەڵکو دژی حزبو گروپە ئیسلامیەکانی تریش.

وەك دیمان هەموویان کۆکن لەسەر دژایەتیکردنی دیموکراسی کەواتە هەر لێرەدا پێویستمان بەوەیە بگەڕێینەوە بۆ گوتارو قسەی هەندێ لەبیریارو سەرکردەکانی حزبو گروپە ئیسلامیەکان وەك: (سالح سریە) یەکێکە لەئیسلامیە ئسولیەکانو دەڵێ (دیموکراسی رێبازێکە پێچەوانەی ژیانە) "قەلبەدین حیکمەت یار" دەڵێ "ئیسلامو دیموکراسی لەگەڵ یەکتر نایەنەوەو ناگونجێن، ئەفغانستان دەبێتە

دەوڵەتێکی ئیسلامی متەشەدد "توندڕەو" هەروەها "چیاو حەق" سەرۆکی کۆنی پاکستان دەڵێ: لەخەونمدا پێیان وتوم ئیسلامو دیموکراسی هەردەم دژ بەیەکن" (شوکری مستەفاش) دەڵێ: ئەوەی پەیوەندی بەئێمەو عیلمانیەتو دیموکراسییەتەوە هەبێت، دوای هەموو شتێ دەگەڕێینەوەو بڕیاری ئەوە دەدەین ئەو زانیارییانەی کەخوا ڕێی بەخەڵك داوە فێری بن فراوان نەبنو بەرتەسك بن) "حسن ئەلبەنا"ش دەڵێ: ئیسلام ئاینو دەوڵەتە) لەبەڵگەنامەکانی ڕێکخراوی جیهاد لەمیسر دەنوسرێ: عیلمانیەتو دیموکراسییەتی ناپەسەند پێی پێمانداناوە، بەزۆرو بەقورسی لەناخی زەویەکانماندا چێنراوە، تا وای لێهاتوە دەزگای جاهیلیو کوفر بڕوێو شەرعی خودا بگۆڕن بەشەرعی شەیتان).

سەید قوتبیش دەڵێ: تا نمونەکانی سەرزەمین بەزەبری شمشێر لانەبرێن ئێمەو کۆمەڵگا لەسەر دوریانێکین، یان ئیسلام یان جاهیلیەت) هەروەها شێخی شەعراوی دەڵێ: ئیسلامو دیموکراسی بەیەکەوە هەڵناکەن) لەشوێنێکی تردا "حن ئەلبەنا" دەڵێ: ئیسلام پەیامو حوکم ڕانییە، شمشێرو قورعانە). مەلا کرێکار دەڵێ: دیموکراسی لەئەوەڵەوە تا ئەخێری کوفرە)، دوای ئەو قسانە سەرنج بدە ئەو شوێنو وڵاتانەی کەئیسلامیەکان تیایدا بونیان هەیەو بزان چی ڕوو دەدا وەك: فەڵەستین، ئوردن، میسر، بەحرێن، یەمەن، عێراق، کوردستان، جەزائیر، پاکستان، ئەفغانستان، کینیا، ئیمارات، کوێت، سعودیە، چیمان، سەنگافور، ئێران، تورکیا، سودان، سوریا،و ئەو شوێنو جێگایانەی تر کەئەوان "حزبو گروپە ئیسلامیەکان" خەڵكو ڕەکیزو گروپیان هەیە. ئەم ڕێك دەمانگەڕێنێتەوە بۆ لای پرسیارێکی گرنگو جیدی کە"سادق جەلال عەزم" دەیکاو دەڵێ: ئایا ئیسلام دەتوانێ لەگەڵ نوێخوازیا یەکانگیر بێت؟ بەبڕوای من کێشەی گەورەی حزبو گروپە ئیسلامیەکان لێرەدایە، یاخود لێرەوە دەست پێدەکا، کەبەهیچ شێوەیەك ناتوانن لەگەڵ نوێخوازی بگونجێن، یاخود هەرسی بکەنو قبوڵی بکەن، کۆی ئەو قسانەی کەبەنمونە هێنامانەوەو هی ئێمە نەبوون، بەڵکو هی بڕیارو سەرکردە ئیسلامیەکان بوون، وەڵامی ڕاستەقینەو بێ تەمومژی ئەم پرسیارەی "سادق" دەدەنەوەو دەیسەلمێنن کەئیسلامیەکان ناتوانن نوێخوازی قبوڵ بکەن کەیەکێك لەمەرجە بنەڕەتیو بابەتیەکانی نوێخوازی یان پێشکەوتن قبوڵکردنی دیموکراسییەتە بەکۆی چەمكو تێڕوانینە جیاوازو دژەکانیەوە. کەوابوو ئیسلامیەکان لەدوایین تێڕوانینو ڕاڤەکاری خۆیاندا کەسیتر قبوڵ ناکەن، بەڵکو بۆ گەیشتن بەدەسەڵاتو پاوانکردنی هەموو ڕێگاو شێوازێك دەگرنە بەر، تەنانەت تیرۆر لەوپەڕی وەحشیگەرێتیو نامرۆییدا. با پێکەوەش سەرنجی ئەم چەند ئامارە بدەین: "100" هەزار زیاتر تا ئێستا لەلایەن ئیسلامیەکانی جەزائیرەوە قەتڵو عامکراوە. (500) هەزار کەس لەنێوان ئیسلامیو مەسیحییەکاندا لە(سودان) کوژراوەو لەناو براوە. زیاتر لە(100) هەزار کەس لەجەنگی ئەفغانستانو لا باڵە ئیسلامیەکاندا کوژراوە. ئەمە بێجگە لەدەیانو سەدان نمونەی تر، لەیەمەنو فەلەستینو سوریاو ئێرانو عێراقو کوردستانو..هتد

بەچاوگێڕانەوەش بەمێژوی سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی لەعێراقو کوردستاندا، ئەوەت بۆ ڕوون دەبێتەوە کەهیچ کاتو وەختێك بڕوایان بەدیموکراسی نەبوەو نییە، لەواقعی ئێستاشماندا کەحیزبو گروپە ئیسلامیەکان پێك دێنن: بزوتنەوەی ئیسلامی، کۆمەڵەی ئیسلامی، جوندل ئیسلام، یەکگرتوی ئیسلام، سەلەفیەکانو

چەندین گروپی تر. دەشتوانین بەم شێوە بڕوای ئەوان بەدیموکراسیو بڕوا نەبونیان پێی لێك بدەینەوەو بخوێنینەوە.

ئەگەر وردتر قسە بکەین دەبێ بڵێین لەکۆی حزبو گروپە ئیسلامیەکان یەکگرتوی لێ بەدەربێ، تەنانەت "بەنوسین"یش باس دیموکراسی ناکەن. ئەم هەڵوێستەی یەکگرتوو، لەسەر دیموکراسی هەندێجار بوە بەپاساوی بێ بنەماو بۆ قسەکردنو بڕوابوون بەدیموکراسی لەلایەن ئەوانەی دژی وێنەی راستەقینەو خستنە رووی راستیو ناراستی بڕوابوونی ئەوانن بەدیموکراسی. من وا تێدەگەم تێڕوانینی یەکگرتوش بۆ دیموکراسییەت تێڕوانینێکی سەرزارەکیو هەڵوێستێکە بۆ مامەڵە بۆ تێپەڕاندنی کات، دەنا زۆربەمان "یەکگرتوو" وەك کلتوورو فیکرو سیاسەتو رێکخراوێکی سیاسی لەگۆڕەپانەکەدا دەناسین. بەتێڕوانینێکی تر ئەگەر یەکگرتوو دیوە نهێنیو نا ئاشکراکەی گوتاری فیکریو سیاسیو رێکخراوەیی خۆی ئاشکرا بکا، ئەوا نەك دەبێتە داکۆکیکەری سەنگەری دیموکراسی، بەڵکو کۆی تەقەلاو کۆششەکانی بۆ کاڵ کردنەوەو لەبەین بردنی دیموکراسی دەبێ. پێش هەموو شتێکیش رێ لەبچوکترین تێفکرینو ئازادییەکانی تاکەکانی کۆمەڵ دەگرێو بەناوی پیرۆزیو حەرامو بڤەو..هتد. چونکە نەیەکگرتوو نەحزبو گروپە ئیسلامیەکانی تر لەکوردستان جوێ ناکرێتەوە لەگوتاری ستراتیژیو گشتی حزبو ناوەندە ئیسلامیەکانی تر دونیا، بەڵکو رونتر یەکگرتوو حزبو هێزە ئیسلامیەکانی ئێرە لەگوتاری بەرهەمهێنراوی ئەوان دەخۆنو توخمو رەگەزەکانی گوتاری ئەوان لێرە تەوزیف دەکەن، کەدیارە ئەوانیش کەموو زۆر بەهیچ شێوەیەك بڕوایان بەدیموکراسی نییەو بەڵکو وەکو وتمان بە"بیدعە"ی ئەوروپای دەزانن، رەدکردنەوەو دانە دواوەو تێکۆشان لەپڕۆژەی بەرنامەی ئەواندا دژ بە"ئەوروپاو کلتورەکەی" ئەوپەڕی رەوایەتی تێدایە یان دراوەتێ. ئەم تێڕوانینە ئەو راستییە دەداتە دواوە کەدیموکراسیو کۆی خوێندنەوەو شیکارییەکان بۆی ئەوە دەسەلمێنن کەیەکێکە لەهۆکارە هەرە بنەڕەتیو سەرەکیەکانی پێشکەوتنو دروست بوون یان بونیادنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی. یان وەك لەشوێنێکی تردا وتمانو بەشێوەیەکی تر ئەم هەڵوێستە درێژکراوەی هەڵوێستو تێڕوانینی حزبو گروپە ئیسلامیەکانی تری دونیایە، بەتایبەت (مەرجەعە) باڵاکانیان کەچەوتترین هەڵویستو تێڕوانینان بەرامبەر کوردستانو ناوچەکە هەیەو بوە لەرابوردو و ئێستاداو پێش ناچێ ئاییندە ئەو هەڵوێستو تێڕوانینەیان بەدیوە ئیجابیەکەیدا راستکەنەوە.

من بڕوام وایە کۆی حزبو رێکخراوە ئیسلامیەکان، بەئیسلامیەکانی کوردستانیشەوە هەموو بانگەشەو پڕوپاگەندەکانیان بۆ دیموکراسی ئەگەر هەیانبێ، خۆ لەقەرە دانێکی رۆتینییەو سەرەنجامو لەدوامەتافدا توندوتیژیو تۆقاندن پڕۆژەو بەرنامەی کاریانە. بەڵام وەك لەهەندێ جێگا بەخێرایی چوینە سەری لەبەرەتای خزانە نێو کاری سیاسیاندا بەرووکەش بەشێکیان خۆ دەدەنە دەم شەپۆلی دیموکراسیو لەو پێناوەشدا هەندێ ملکەچی قبوڵ دەکەنو زۆربەی کات ئەو ملکەچ بوونەیان دەکەنە پردێك بۆ پەل هاویشتنو دەست کوتان بەم لاو بەولادا، بێگومان بەر لەهەموو شتێکیتر ئەو ملکەچ کردنە بۆ دیموکراسییەت لەخاڵە هەرە لاوازەکانی ئەوانەوە (ئیسلامیەکان) سەرچاوە دەگرێ. کەدڵنیاش بن لەوەی دەتوانن روبەڕووبنەوە دەکەونە بەرامبەر کێو هەوڵدەدەن مل بەدەسەڵات کەچ بکەنو لەوەڵامی دەسەڵاتیش بۆ ئەوان قۆناغی کاری توندوتیژی پەرە

پێدەدەن، مەرجیش نییە لەمەیاندا سەرکەوتوو بن. بەڵام ئەو راستییە ناشاردرێتەوە دەتوانن ببنە هۆکاری پێشوی‌و کاری توندوتیژی‌و تەنانەت ئامادەن لەئەوپەڕی پرۆسەیەکی نا دیموکراسیدا بەرامبەر لەچین‌و توێژەکانی کۆمەڵ بگرن‌و کەمترین ماف بۆ گفتوگۆو قسەکردنی خەڵك ناهێڵنەوە. دیارە تیرۆرو رەشە کوژی لەلایەن ئیسلامیەکانەوە نمونەیەکی سەلمێنراوە بۆ نەبونی هیچ پێوەرێکی لۆژیکی بەرامبەر فیکرو رۆشنبیری‌و دیموکراسی‌و داهینانەکانی مرۆڤ، ئەمەش راستەوخۆ گرێدراوە بەسەرچاوەی بیرکردنەوەو ئەو کلتورەی کەلەسەری کاردەکەن‌و دەجوڵێنەوە. بەمانایەکی تر ئەوان دەیانەوێ مرۆڤایەتی بگەرێننەوە نێو چاخە تاریکەکانی مرۆڤایەتی‌و کۆی پەنجەرەو دەرگاکانی راڤەکردن‌و پشکنین کلۆم بدەن. کەسیش نەیتوانیوە گەرەنتی ئەوەیدا ئەگەر هێزێك لەم هێزە ئیسلامیانە ئێستا ئامادەبونیان هەیە چونە سەر دەسەڵات بەهەر شێوەیەك بێت، دیموکراسیانە مامەڵە بکاو ئامادەبێ لەپرۆسەیەکی دیموکراسیانەدا دەسەڵات بەجێ بێڵێ.

کەوابوو لێرەدا دەگەینە ئەو رایە کەهێزو حزب‌و گروپە ئیسلامیەکان بێجگە لەوەی بەشێکیان لەبنەڕەتدا بڕوایان بەدیموکراسی نییەو دژی دەوەستنەوەو شەڕ لەدژی رادەگەیەنن، بەشەکەی تریش بەگوتارێکی (دوانەیی) مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، وەك: ئەگەر بەهێزبوون‌و کاری رێکخراوەییان لەلاوازیدا بوو، یان بۆچونە دەسەلات‌و ماشینەوەی دام‌و دەزگاکان. کەگەشتە شوێنی مەبەست‌و داوا کراو لەگوتاری خۆیاندا ئیتر مانایەك لەدیدو گوتاریاندا نامێنێتەوە، وەك دەیان نمونە هەر لەسەرەتای دروست بونیانەوە تا ئەمڕۆ لەبەردەستدایە. کەوابوو یەکێ لەئەرك‌و هەولە جیدییەکانی ئێمە دەبێ ئەوەبێ "گوتاری ئیسلامی سیاسی‌و دیموکراسی"و رۆڵی ئەم گوتارە لەپرۆسەی دیموکرسی کوردستاندا "باشور" بەدیقەتەوە بخوێنینەوەو تەفسیرمان بۆی هەبێ، نەك پێچەوانەکەی. رونتر چاوەڕوان ناکرێ حزب‌و گروپ‌و رێکخراوە ئیسلامیەکان کارکردێکی ئیجابی بن لەچەسپاندنی دیموکراسی‌و سەلماندنی ئازادییە دیموکراسیەکاندا، بەڵکو هەمیشە باڵێك (نێگەتیف) بوون لەبەردەم پێشکەوتنەکانداو بەئامادەبونیان گرفت‌و گرێ کوێرەکانیان لەناو پەلوپۆکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردیدا زیادکردوەو نەبوون بەفاکتەرێکی "پۆزەتیف" لەناو بزوتنەوەکەدا.

## ئێمــەو ئــەزمونی دیموکراســیو هەزارەی سێیەم:

زۆربــەی گــەلانی دونیــا بەپرۆســەی ئــەزمونی دیموکراســیەتدا تێپەڕبوونو بۆ بەرجەستەکردنو تێگەیشتن لێی شۆڕشێکی گەورەی رۆشنبیرییان نەك لەکۆمەڵ بەڵکو لەناخی تاکەکانی کۆمەڵدا کردوە. بابڵێین چانسی کورد لەمەیانـدا کورتی هێنـاوە لـەرابردوودا. بـەڵام وا ئێستا دونیا گەورەترین شۆڕشی تەکنەلۆژیو زانیاریو فیکریو سیاسی لـەخۆ گرتــوە، کۆمــەڵگاکان بەشــی زۆریــان لەســەردەمی لێبونــەوەی چــۆنێتی شــێوازی مامەڵەکردنیانــدان لەگــەڵ سیســتەمی نــوێو بـەجیهانکردنو ململانێـی شارسـتانییەکانو کۆتـایی مێـژوو و..هتـد. دەشیانەوێ بەکیانو گوتـاری تایبـەت بەخۆیانـەوە بچنە نـاو هـەزارەی سێیەمەوە. ئەی ئێمەیـەك تـا ئێسا لـەقۆناغی رزگاری نیشتمانیداینو پرۆســەی مامەڵــەکردنمان لەگــەڵ ئــەزمونی دیموکراســیەتدا تێنەپەڕاندوە، دەبێ چۆنو بەچی شێوەیەك جێی خۆمـان لەناو ئـەم هەزارەیـەدا دیـاری بکـەین؟ لـەکاتێکا ئـاڵۆزترینو تێـك ئاڵۆسـکاوترین دۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریو رۆشنبیری، یەخـەی پێگرتـوینو بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانیشمان تازە بەتازە سەرقاڵ دارە دارەی پێ گرتنیەتی؟! ئێمەیەك کەتائێستا ململانێو ناکۆکییـە زیانبـەخشو ناسروشتییەکانمان لەکۆڵ نەبوەتەوە. بۆ ئەوەی زیـاتر لەباسـەکە دوور نەکەومەوە نامـەوێ درێـژە بـەو دێڕانـە بـدەمو دیچمەوە سـەر ئەسـڵی بابەتەکـەو ئـەم پرسـیارانە دەکـەم: ئایـا دروسـتە بـۆ بزوتنــەوەی رزگاریخوازیمـانو کۆمـەڵگای کـوردی وەك دەروازەیـەك بـۆ چوونە نـاو دونیــای دەرەوە تەماشــای دیموکراســیەت بکــا؟ ئایــا پرۆســەی دیموکراسـییەتو بەرجەسـتەکردنو تێگەیشـتن لێـی تەنگوچـەڵەمەو ناتەواویەکانمان چارەسەر دەکا؟ ئایا هەڵە نییـە بەرلـەوەی لەچـەمکی دیموکراســییەت بگــەین، هــەوڵی جێبــەجیکردنی بــدەین؟ ئایــا دیموکراسیەت لەکوتو پڕێکا دێتە دی؟ ئایا سندوقی دەنگدان بـەبێ رۆشـنبیرییەکی دیموکراسـی مەرجـە بـۆ دیموکراسـی بـوون؟ یـاخود

ديموكراسيەت بەبێ وشيارييەكی گشتی پراكتيزە دەكرێت؟ ئايا دەكرێ ديموكراسيەت بەتەنها لەناو سياسەتدا قەتيس بكەين؟ لەوەڵام بەو پرسيار گەلانەدا دەبێ بگوترێ ديموكراسيەت روبەڕووبونەوەی ئێستاو ئاينده دياری دەكاو لەواقيعی ئەمڕۆدا هەموو سنورە بڤەكان دەبەزێنێو لەگەڵ ماڵئاواييكردن لەهەزارەی دووەمو چونە ناو هەزارەی سێيەمەوە دەبێ وەڵامەكان بەنەخێر بنو وەك لەچەند جێگايەكی تر ئاماژەمان پێكرد پێويستمان بەشۆڕشێكی رۆشنبيرييە بۆ تێگەيشتن لەديموكراسيەتو بەرهەمهينانی مەعريفەيەكی چڕوپڕيش لەپاڵيدا. چونكە ئەگەر ديموكراسيەت "مافی مرۆڤ، باشتربوونی ژيان، بەردەوام بوونی رەوتی ژيانی بەشەری، پێشخستنی ژيانی شارستانی، نانو ئازادی سياسیو رۆشنبيریو فيكریو مانگرتنو خۆپيشانداندانو عەقيدەو مەزهەبو..هتد، قبوڵكردنی جياوازييەكان، جێ گۆڕكێی دەسەڵاتی ديموكراسيانەو..هتد بگرێتە خۆ، بەبێ ئەو رۆشنبيرييەو بەرهەمهێنانی چڕوپڕ ناتوانرێ بەپێی كاتو شوێن سودی لێ ببينرێ. چونكە چەمكی ديموكراسييەت شتێكی باوو نەگۆڕ نييە، بەڵكو بەدرێژايی مێژووی سەرهەڵدانی لەشارستانيەتی گريگەكانەوە تا ئەمڕۆ بەجۆرەها شێواز خوێندنەوەو بيروبۆچونی خراوەتە سەر، بەلەبەرچاوگرتنی قۆناغە جيا جياكانی رەوتی ژيانی مرۆڤايەتی. بۆرژوازيەت هەميشە ويستوييەتی بۆ خۆی قۆرخی بكاو بيكاتە موڵكی خۆی. بەڵام ئەم هەوڵە رەتكراوەتەوەو لەلايەن ماركسيستەكانەوە تەقەلاو هەوڵی ئەوە دراوە كەلەخزمەت زۆرترين چينو توێژەكانی كۆمەڵدا بەكاربهێنرێ. بەو پێيەی خودی ديموكراسييەت "بۆ گەلو لەرێگای گەلو لەپێناو گەلە" ناوەڕۆكی راستەقينەيەتی. كەچی بۆرژواو دەسەڵاتە سەرمايەدارەكانيان لەگەڵ هەموو خوێندنەوەو

بيروبۆچوونەكانيان بۆی نەيانتوانيوە ديموكراسيەت لەچنگی توێژێكی فەرمانڕەوای مشەخۆر قوتار بكەن. لەباشترين حاڵەتيشدا لەوڵاتە سەرمايەدارەكاندا تەنها جۆری فەرمانڕەوايەتيەكەيان پێ دياری كردوەو هيچيتر!! كەواتە جێی گومان نييە كۆمەڵگای كوردیو بزوتنەوە رزگاريخوازەكەی ناكری بەم ناتەواویو تەنگوچەڵەمانەی ئێستايەوە هەنگاوەكانی بەرەو هەزارەی سێيەم بنێت. ناشكرێ لەهەڵپەو تەقەلای ئەوە دابێت نمونەی ديموكراسيەت لەشوێنانی ترەوە بهێنێو بيەوێ لێرەو بەرجەستەی كا، بەڵكو نيشتمانی كوردان وەك هەموو شوێنانی تری دونيا سروشت پێكهاتە، هەڵچونو داچوونی هەيە. دەبێ هەر ئەوەش سەرچاوەی كەرەستەی خوێندنەوەو لێكدانەوەی فيكریو فەلسەفەو تێزە مرۆييەكان بێت. ديموكراسيەتيش لەنێو ئەو رەهەندە فيكریو فەلسەفیو مرۆييانەدا، گرنگترين ئەو مەسەلانەی لەم هەزارەيەدا روبەڕوومان دەبێتەوە، بەلەبەرچاوگرتنی رابردومان خوێندنەوەيەكی بابەتيانەو پێويستە بۆ رەوتی تێكۆشانمان لەسەرجەم ئەو بوارانەدا، دوابەدوای شۆڕشێكی رۆشنبيری لەبواری ديموكراسييەتدا كەلێی دواين. بەمەش دەتوانين بەشێك لەكۆسپو تەگەرە فيكریو سياسیو مەعريفیو ئايديۆلۆژييەكانمان لەهەردوو باری تيئۆریو پراكتيكيدا دەست نيشان بكەينو زاڵ بين بەسەر تەنگوچەڵەمە فيكریو سياسیو رۆشنبيرييەكاندا. چونكە ئەو كۆسپو تەگەرانە دوژمنی سەرسەختی تێگەيشتنو ئەو شۆڕشە ديموكراسييەيە كەچەمكەكانی مافی مرۆڤو پێشكەوتنو دادوەری كۆمەڵايەتیو چونە ناو دونيای نوێوەی لەخۆ گرتوە. لەهەموشی گرنگترو پڕ بايەختر گفتوگۆ لەسەركردنی چەكی كۆمەڵگای مەدەنیو ئاسۆی پەرەسەندنی ديموكراسيەتە، كەناكرێ

بەسەرماندا تێپەڕبێو لێی بێ ئاگابین. بەمەش دەتوانین لەپاشماوەی فراوانی خێڵو عەشەرتگەری قوتاربین. دیارە ئەمەش بابەتێکی سەربەخۆیەو دەکرێت ببێتە تەوەرێکی گرنگی لێکۆڵینەوەو بەدواداچون لەناوەندەکانی کۆمەڵگای کوردی قابیل بەوەیە گفتوگۆیەکی جدیو ئازادانەی لەسەر بکرێ. ئەوانەش کەلەسەرەتاوە تا ئێستا وتراو خرانە روو، هیچ نابن جگەلەوەی ئەگەر بتوانن پەنجەرەیەك بۆ گفتوگۆیەکی پێویستو بابەتیانە بکەنەوە.

ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەم بابەتە سودیان لێ بینراوە:


*سەرچاوە کوردیەکان:*

1-راگوێزانی کورد لەمێژودا-عەبدوڵلا قەرەداغی
-هەمان سەرچاوە ل31
-هەمان سەرچاوەل32
-هەمان سەرچاوە ل34
-هەمان سەرچاوە ل35
-هەمان سەرچاوە ل36
-هەمان سەرچاوە ل38
2-جوگرافیای سروشتی کوردستان-ئامادەکردنی/ کۆڕاز.
3-بەرەو مێژوو-دکتۆر رەفیق سابیر
-هەمان سەرچاوە ل110
-هەمان سەرچاوە ل111
-هەمان سەرچاوە ل112
-هەمان سەرچاوە ل113
-هەمان سەرچاوە ل116
-هەمان سەرچاوە ل122
-هەمان سەرچاوە ل123
4-ئیسلامی سیاسیو پرۆسەی تۆقاندنو توندوتیژی/زەنوێر
5-گۆڤاری گوتار/ ژمارە 7+8 . 1991 . ل121-122
6-کوردستانو کورد-دکتۆر قاسملۆ- چاپی کوردی
7-هەردوو پرۆژەی بەڵگەنامەی حزبی شیوعی کوردستان "دامەزراندن"
8-بەرنامەو پەیڕەو-بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان.
9-پرۆگرامو پەیڕەو-حزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان
10-بەرنامەو پەیڕەو-یەکێتی نیشتمانی کوردستان
11-پرۆگرامو پەیڕەو-پارتی دیموکراتی کوردستان
12-بەڵگەنامەکانی دووەمین کۆنگرە-حزبی شیوعی کوردستان
13-بەرنامەو پەیڕەو-حزبی شیوعی کوردستان.
14-پرۆگرامو پەیڕەو-حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
15-پرۆژەی بەرنامە-حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
16-بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی "5+6"ی حزبی شیوعی عێراق
17-هەڵبژاردنەکانی کوردستانی عێراق- و.سفوەت رەشید
18-گۆڤاری "بیری نوێ" دوبارە بەهەند هەڵگرتنەوەی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی/دکتۆر کەریم ئەبوو حەلاوە.

*سەرچاوە عەرەبیەکان:*

1-لینین/المختارات-المجلد
-هەمان سەرچاوە ل176

-هەمان سەرچاوە 186

2-لینین/المختارات-الجزو الاول

-هەمان سەرچاوە ل149

-هەمان سەرچاوە ل163

3-اربرکیش/المارکسیە والدیمقراگیە- ترجمە: رجاو احمد

4-البیروقراگیە فی العمل السیاسی-عزیز جاسم.

5-المجلە "الگریق" عدد "45" 1998 "نحن الدیمقراگیە"

الدکتور:عبدالله بلقیز.

-هەمان سەرچاوە ل5+7+8+9+10.

-تگور الفکر السیاسی/الدکتور: ابراهیم احمد شلبی

7-صدقە الدیمقراگیە/صلاحالدین حافظ

-هەمان سەرچاوە ل9

# پاشکۆ

## کۆمەڵە وتارێکی تر

ئەم کۆمەڵە وتارەی کەدوابەدوای بابەتە سەرەکیەکەی ئەم کتێبە ریزبەند کراونو بڵاوبونەتەوە، بەماوەیەکی زۆر پێش نوسینی بابەتی "بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردیو ئەزمونی دیموکراسییەت" بەدوای یەکاو لەرۆژنامەی "رێگای کوردستان"ی ئازیزدا لەساڵی2000دا بڵاوبونەتەوە. پێموابوو دانانو جێگیرکردنیان جارێکیتر لێرەداو وەك کتێب قازانجی لەزیان زۆرترە. چونکە خوێنەر کەئارەزوو بکا دەتوانێ بەسەریەکەوە بیانخوێنێتەوە. جگە لەمەش لەپاڵ بابەتە سەرەکیەکەی ئەم کتیبەدا کۆمەڵێك دیدوبۆچونەو راستەوخۆ پەیوەندی بەدیموکراسییەتو بەرجەستەکردنیەوە هەیە لەکوردستاندا "باشور".

## قسەیەك..
## بەتەنیشت دیموكراسییەتو دەسەڵاتەوە

چەمكو سنوری دیموكراسی زۆر لەوە مانا دارترو فراوانترە كەدەسەڵاتی سیاسی مامەڵەی پێوە دەكاو خۆی پێ دەگەیەنێتە پێشەوەی بەرەی دیموكراسیخوازان. بەدیدێكی تر دەسەڵاتی سیاسی لەهەر جێگاو شوێنێك بێت ناتوانێ بەپێی چەمكو سنوری دیموكراسی دەقاودەق هەڵسوكەوت بكاو بیكاتە پێوەری هەڵسوكەوتەكانیو لەوێوە گوتاری خۆی بونیاد بنێ. كەوا بوو لێرەوە جیاوازی نێوان دیموكراسیو دەسەڵاتمان بۆ دەردەكەوێو دەتوانین قسە لەو دوو رەهەندە جیاوازانە بكەین كەدیموكراسیو دەسەڵات لەیەكتر جودا دەكاتەوە، دیارە ئەمە بەو مانایە نا كەئیتر دەسەڵاتی سیاسی بەسەرجەم كایە جیا جیاكانیەوە شۆراوەتەوە لەرەگەزەكانی چەمكو سنوری دیموكراسی، بەڵكو بەو ماناو تێگەیشتنەی ئێمە لێرەدا قسەمان لەسەر جیاوازییەكانی ئەم دوو كائینەیە بەتایبەت لەبواری پراكتیكداو بەگەڕانەوە بۆ بنەڕەتی بزاوتنەكانی هەردوو كائینەكە. دیموكراسی وەك چەمكێكی نێو كلتوری كلاسیكی یۆنان بەئاراستەیەك دەخالەتی لەكاروباری سیاسی كردوە كەدەسەڵات قۆرغ نەكرێ لەلایەن كەمینەیەكی كۆمەڵەوەو نەكرێتە ئامرازی هێرش كردنە سەر تاكەكانی كۆمەڵ بەتایبەتو خودی كۆمەڵ بەگشتی، بەتێگەیشتنێكی تر بۆ ئەوەی دەسەڵات نەبێتە سروتێكی پیرۆزو كەس نەوێرێ زمانی لەئاست هەڵبێ، ئەم واتە دیموكراسی هاتوەتە پێشەوە وەك نەیارێكی ئەو تێڕوانینە لەپێناوی بەرجەستەكردنی كەشێكی تەواو ئازاد بەمەبەستی پێكهێنانی دەسەڵات، كەوابوو لێرەدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە دەسەڵات چەند دیموكراسی بێو دیموكراسییانە بیر بكاتەوە لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كەسنوری چەمكو واتای دیموكراسییەت قایل بكا بەوەی كەلێیگرێو تا ئەو ئاستەی داواكراوە ئەم پیادەی كردوە، كەوابوو دەسەڵات هەمیشە لەو راستیە تاڵەوە نزیكە كەبەشی شێری وتنەكان بۆ ئەو بێو "ئەو"ریش سپی یەكلاییكردنەوەی سەرجەم گرفتو كێشە ئاڵۆزییەكانی بێ، كەئەمەش بوو بەردەوام هەوڵ دەدا بەئاقارو تەنیشی بەرژەوەندییەكانی خۆیدا رەوتی تێڕوانینو هەوڵەكان وەرسوڕێنێ. ئەم پێی وانیە لەهەموو حاڵەتەكاندا گەڕانەوە بۆ ناوەندی خەڵكو راپرسی تیایاندا باشترینو تەندروسترین رێگار چارەی یەكلاییكردنەوەی گرفتو كێشەو ئاڵۆزییەكانە. واتا دەسەڵات لەم نێوانەدا شەڕی بەرژەوەندییە تایبەتییەكانی خۆی دەكاو وتەكانیشی باگراوندی ئەو شەڕە یاخود ئەو نوێنەرایەتییە پیك دێنن. دیموكراسییەتیش بەرامبەر بەمە جاڕی گوتارێك دەدا كەكێشەی گشتییەو هەوڵ دەدا نوێنەرایەتی كۆی تاكەكانی گشت بكا. هەر بۆیە زۆرجار دەبینی شەڕ بەتوندی دەكەوێتە نێوانی دەسەڵاتو دیموكراسییەوە، دەسەڵات لەو شەڕەدا كۆی ئەو گشتەی كەدیموكراسییەت نوێنەرایەتی دەكا بەوە هێور دەكاتەوە كەئەوەتانێ خەڵكی ئازادنە بیر دەكەنەوەو ئازادانە قسە دەكەنو راگەیاندنی ئازاد هەیەو هەڵبژاردنی ئازاد لەبوارە جیا جیاكاندا دەكرێو..هتد، بۆ كۆمەڵێكی نا هۆشیار بەرامبەر بەچەمكو سنوری

ديموكراسی ئەم پاساوەی دەسەڵات ڤايلكەرە، بەڵام بۆ كۆمەڵێكی هۆشيار بەرامبەر چەمكو سنوری ديموكراسييەت ئەم پاساوە هيچ بنەڕەتێكی لۆژيكی نييەو دەچێتە چوارچێوەی هەڵپە بەردەوامەكانی دەسەڵاتەوە، وەك چۆن هەميشە شەڕی بەرژەوەندييە تايبەتييەكانی خۆی دەكاو نوێنەری خودی كەمينەی پێكهاتەكەی خۆيەتی. لەلايەكی تريشەوە بيركردنەوەی ئازادو قسەی ئازادو راگەياندنی ئازادو هەڵبژاردنی ئازاد لەتەرازوی ئەو جۆرە دەسەڵاتانەدا هيچ بونێكی نييە جگە لەپاساوی بێ بنەما بۆ شەرعيەت دانی زياتر بەدەسەڵاتو هەڵپەی زياتر بۆ "قۆرغ"كردنی سەرجەم بڕيارەكانی تايبەت بەچارەنوسی چينو تويژەكانی كۆی كۆمەڵ. كەوابوو وەك چۆن ناتوانين بێژين ديموكراسیو دەسەڵات خاڵی هاوبەشيان نييە، ئاوهاش ناتوانين بڵێين ئەم دوو چەمكە جۆرنو كێشەيەكيان نييە، چەمكو سنوری ديموكراسی ئەوەی زۆر پێ قبوڵە كەدەسەڵات بۆ ئەو كۆمەڵە بێ كەلەپرۆسەيەكی تەواو ئازدا زۆرينەی تاكەكان متمانەی خۆيانی پێدەدەنو ئەو كەمينەش كەمتمانەی بەو دەسەڵاتە نەداوە كەمترينو زۆرترين مافەكانيان پارێزراو بێ. بەڵام بەوردبونەوەو چاو خشانەوەيەكی خێرا بەنێو دەسەڵاتەكاندا راستەوخۆ ئەمەت لا پێچەوانە دەبێتەوەو دەگەيتە ئەو بڕوايە كەدەگمەنن ئەو جۆرە دەسەڵاتەی ديموكراسی لەچەمكو سنوری خۆيدا داكۆكيان لێدەكا.

كەم پرۆسەی دەنگدانی پێكهێنانی دەسەڵات هەيە مافی زۆرينەی تيا پێشێل نەكرێو هێرش نەكرێتە سەر بيروڕاو بەرژەوەندييەكان، بەم ئامرازو شێوازانەی لای خوارەوە وەك، ترس، داتوانم بڵێم حاڵەتێكە ئەوەی كەخۆی بۆ دەسەڵات مەڵاس داوە لەسەرجەم ناوەندە جيا جياكانی كۆمەڵو لەخۆكانديد كردنو پرۆسەی دەنگدادا بەكاری دێنێ.

زەبرو زەنگ: كەدوای ئامرازی ترساندن دێو رۆڵی كاريگەری دەگێڕێ.

دەنگ كڕين: كەبۆ خەڵكی ساويلكەو ناهۆشيار بەكاردەهێنرێو..هتد.

شكاندن: شكاندنەوەو نابوت كردنی كانديدەكانی بەرامبەر بەشێوەی خۆڕسكانەو بێ هيچ لەبەرچاوگرتنی ئاكاری مرۆييانەو..هتد. ئەمانەو زۆری تر كەلەتێنەگەيشتنی ديموكراسیو چەمكو سنورەكەيدا نيشانەو هێمای دانەدواوەی ديموكراسينو هاتنە كايەوەی هەر دەسەڵاتێكيش بەرێڕەوی ئەم ئاراستەيە ناتوانێ ديموكراسييانە بيربكاتەوە. سەرەنجاميش هەموو وتەكانی تايبەت بەديموكراسی پەيڕەوكردنی لەهەڵسوكەوتی رۆژانەييدا دەبنە هاوارو بانگێشتێكی ساختەكارانەو دژ بەچەمكو سنورە ديارينەكراوەكانی ديموكراسی دەوەستنەوەو شەڕی بەرژەوەندييەكانی خۆيان لەگەڵ ديموكراسی دەس پێدەكەن. كەوايە با لەم رەهەندەوە لەجياوازييەكانی نێوان ئەم كائينە بگەينو خاڵ بخەينە سەر پيتەكان، رونيشە باكگراوەندی ئەم دوو كائينە زۆر نهێنی زيندوی لەخۆ گرتوەو بەبێ دەرخستنو تێفكرين لێيانو خوردكردنەوەيان تێگەيشتنەكانمان بۆ هەميشە لنگەو قۆچ دەبنو دەسەڵاتو كۆمەڵێكی ناتەندروست بەرامبەر بەديموكراسی پێكدێنن.

## ديموكراسييەتی حزب

ئەگەر چەمكی ديموكراسييەت بەسەرجەم رەهەندو باگراوەندەكانيەوە رێگايەكی تەندروست بێ بۆ پاراستنی مافەكانی تاكو كۆی كۆمەڵگا لەپەلامارو هێرشی جۆراوجۆر، بەواتايەكی تر ئەگەر ديموكراسييەت تاكە رێگابێ كەتاكو كۆی كۆمەڵ مومارەسەی مافە مەدەنیو مرۆييەكانی خۆيان تيا بكەن، ئەبێ حزب تا چ ئاستێكو بەكام پێوانە ئەو رێگايە بەتاكو كۆی كۆمەڵ بەڕەوا ببينێ؟ يان ئايا راستە حزب بەڕاستو چەپيەوە چەمكو كايەی راستەقينەی ديموكراسيەتی پێ قبوڵە؟ ياخود حزب دەتوانێ ديموكراسی بێو لەپرۆسەيەكی ديموكراسيانەدا شەرعيەت بدا بەبەرامبەرەكەی؟ دەگەرێينەوەو دەڵێين حزب لەبنەڕەتدا بريارە، نەك راوێژی تاكو كۆی كۆمەڵ. رونتر حزب هەر حزبێك بێت بەبڕياری كۆمەڵە كەسێك دێتە بوون، نەك پرسو راوێژی زۆرينەی كۆمەڵ. واتا ئەو كەمينەيەی كەبڕياری بوونی حزب دەدەن لەسەر بنەڕەتو بيركردنەوەی خۆيان بڕيار دەردەكەونو بريار پوچ دەكەنەوە، نەك گەڵاڵەكردنی پرۆژەی دروستبوونی حزبو ئاراستەكردنی بۆ نێوەندی خەڵكو دوای گفتوگۆ لەسەركردنی، بڕيار وەرگرتن بێتە پێشەوە. بۆيە زۆرجار دەبينی بێ هيچ زەرورەتێك دروستبوونی حزبێكو دووانو سيان رادەگەيەندرێو

مزايەدەش لەسەر كۆمەڵی بەهای نيشتمانیو نەتەوەیو چينايەتیو ئيسلامبوونو..هتد، دەكا بێ ئەوەی دورو نزيك پەيوەندی پێيانەوە هەبێو بابەتيانەو زانستيانە لێيان گەيشتبێ، بەتێگەيشتنێكی تر دەتوانين بێژين بنەڕەتی بڕياری راگەياندنی ئەو جۆرە حزبانەنا بابەتيانەيەو تەنها ويستو ئارەزوی كۆمەڵە كەسێكی خود پەرەستەو بەس. هەرچی حزبو رێكخراوەكانی تريشە جۆرە جياوازييەك لەپێكهاتەو سروشتی دروست بونياندايە لەگەڵ دروست بوونو راگەياندنی ئەو جۆرە حزبانەی پێشوو، چونكە لەهەموو كۆمەڵگايەكدا دۆخی سياسی نائارامو دەسەڵاتی تۆتاليتاریو سەركوتكەر بواری تێكۆشانی پێويست دێنێتە پيشەوەو وەك ئەزمونە جيا جياكان دەريان خستوە چەندين حزبو گروپ دروست بوون، بەڵام ناتوانين ئەوە يەكلاكەينەوە كەئەم حزبانەش وەك خۆيان لەسياقی بيروهۆشی كۆمەڵە كەسانێك تێنەپەڕينو دروستبوونو راگەياندنيان پەيوەستە بەو كەسانەوەو دواتر بەتەدريج دادەبەزنە نێو چينو توێژەكان. تاكەكانی كۆمەڵيش بەشێوازی كرداری بڕوا بەو حزبانەدێنو دەبنە پارسەنگەيان لەرارەوی تێكۆشانو روداوو بۆمان دەركەوت لەپرۆسەی ديموكراتيزە كردندا رێڕەوی هەنگاوەكانی تايبەت بەحيزب بۆ لێسەندنەوەی پيرۆزيە. بەپێچەوانەوە حزب لەبازنەی چەمكی ديموكراسيدا بەرگو گوتارێكی نوێ دەپۆشیو دەبێتە حزبی كۆی تاكی كۆمەڵو لەوە دوور دەخرێتەوە كەقەتيس بكرێ لەنێوان بەرژەوەندی چەن تاكێكی بيرتەسكدا. ئالێرەشدا بڕوابوونو بڕوا نەبوون بەديموكراسی دەردەكەوێ جياوازی دژ  لەهاوكێشەكەدا دەبنە كەفی سەرئاو.. بەبڕوای من ئەمە كائينێكی گەورەو بنەڕەتی جياوازیو گرفتەكەيە، ئەی كەوايە هێمای پێكەوە هەڵكردنو گونجان لەكوێوە

دەست پێدەکا؟ بەبڕوای خاوەنی تێفکرینە جددیو وردەکان نیشانەی پێکەوە هەڵکردنو گونجاندن دەگەڕێتەوە بۆ ناوەرۆکی جیاوازییەکانی بەهاو چەمکی دیموکراسییەت لەگەڵ حزبدا، وەك دەردەکەوێ نیشانەی گفتوگۆی توندی دیموکراسی لەگەڵ حزبدا هەوڵدانە لەپێناوی دامالینو شۆردنەوەی هزری پیرۆزیە کوشندەکانو دانەدواوەی تێفکرینی دژ بەبەرژەوەندی گشتی. دەتوانین رونتر قسە بکەین وەك لەنێوکایەی سەرجەم جیاوازییەکاندا هێمایەك هەیە بۆ پێکەوە گونجان بەپێی سروشتی تێزی دیموکراسی، کەوابوو بۆی هەیە دوای جەنگی دوورو درێژی لەگەڵ دیموکراسیدا، بیتو لەپەنای ئەو یان ماڵی دیموکراسیدا، ماڵێ دروستکەی کەجیی گشت بریارو تێفکرینێکی تەندروستی تیا بێتەوەو هەر لەو ماڵەشدا پارێزگاری لەبیروڕای جیاوازو پاراستنی مافو..هتد دەکرێو لەم سیاقەشدا پیرۆزی ناتوانێ ببێتە رێگر لەبەردەم هەر جۆرە بیروبۆچونو تێفکرینێك. بەدیدێکی تر خودی دیموکراسی بۆ خۆی لەبازنەی دەرەوەی پیرۆزی دادەنرێو دەبێتە بەرهەمی تێفکرینو بەس. من پێموایە بەم ئاراستەیە دەتوانین لەدایموکراسیەتی حزب بگەینو حزب بکەینە بەرهەمی تێفکرینی دیموکراسیانە، نەك بەپێچەوانەوە دیموکراسیەت بکرێتە بەرهەمی تێفکرینی حزب، چونکە بەم ئاراستەیە هیچ ماناو واتایەك بۆ دیموکراسییەت نامێنێتەوەو ناشتواندرێ قسە لەسەر کۆمەڵێکی تەندروست لەسایەی حزب گەلێکی ناتەندروست بکرێ.

## هۆشیاری وەك مەرجی بنەڕەتی دیموکراسی تاکی کوردی، لەبەردەم وەڵامدانەوەیەدا؟

هۆشیاری بێ شارەزا بوون لەچەمكو کلتوری دیموکراسیو دیموکراسی بێ هۆشیاری گشتی، وەك ئەوە وایە مرۆڤ هیچ سیاقو میتۆدێکی زانستی نەبێ بۆ بیرکردنەوەو تێفکرین. بەواتایەکی تر پەیوەندی نێوان هۆشیاریو چەمکی دیموکراسی، پەییوەندیەکی دیالێکتیکانەیەو بەقوڵبونەوەو تەفسیری زیاتر لەئۆرگانی ئەو پەیوەندییە ئەو راستیە روون دەبێتەوە کەچەمکی هەردوو دەستەواژەکە سنوری دیاریکراویان بۆ نییە، بەڵکو هەمیشە بواری جوڵەو تێگەیشتنی زیاتریان تێدادەبێتەوە. بەم واتایە مرۆڤ ناتوانێ دیموکراسی بێ ئەگەر هۆشیار نەبێ، بەهەمان شێوە ناتوانێ هۆشیاربێ ئەگەر دیموکراسی نەبێ، کەوابوو هۆشیاری مەرجی بنەڕەتی دیموکراسی بوونی هەر تاکێکە دیموکراسیش تەقەنیاتی هۆشیاربوونی هەر تاکێکەو لێرەشەوە لەوە دەگەین کەکلتوری دیموکراسی ئەو ماڵەپڕ شەوقەیە کەجێی گشت دژەکانی تێدا دەبێتەوە تەنانەت بەنەیارەکانی خۆشییەوە، ئەگەر وتمان چۆن؟ دەتوانین بڵێین: ئەگەر لەسادەترین راڤەو لێکدانەوەی دیموکراسی مافی هەمووان بێو هەموانیش لەماڵی

"ئەو"دا تەوقی سانسۆری بیرکردنەوەو تێفکرینمان تێك بشکێنین، دەبێ ئەو ماڵە رەوایەتیەکی تێدابێ، یان بەسەرجەم جەنجالیەکانی گوێ زەوییەوە "ئەو" لەسروشتی ئێمەدا پایەیەکی بنەڕەتی هەبێ، کەچی بەپێچەوانەشەوە زۆربەی کات پێی نامۆین‌و کەمترین شت ناتوانین وەکو مافی رەوای خۆمان بیناسین‌و لەپرۆسەی رێرەوی سەرجەم لایەنەکانی ژیانمان بەکاری بێنین. کەوابوو با بەم پرسیارە لەدەرگای نیوەرۆکی باسە کەبدەین وەك: هۆشیاری تاکی کوردی بەرامبەر چەمك‌و کلتوری دیموکراسی لەچ ئاستێکدایە؟ بێشك تاك‌و کۆی کۆمەڵی کوردی ئەمڕۆو دوێنێ، پێگەیشتوی نێو ساڵ گەلێکی پڕ لەترس، کوشتن، تۆقاندن، تێکشکاندن‌و..هتد بەتایبەتی ماوەی دەسەڵاتداریتی "بەعس" ئێستاشی پێوەبێ، کەهەموو تەقەلاکانی بۆ ئەوە بوە مرۆڤ لەتواناو بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتی ئازادنەی خۆی بپوکێنێتەوەو لەجێگای مرۆڤ بوندا بیکا بەئامرازی مەیلی فراوانەی "بەعسیزم". ئەمە بۆ خۆی گەورەترین کارکردی لەنەستی تاکو کۆی عێراق بەگشتی‌و کوردستان بەتایبەتی دانابوو، واتا لای "بەعس"و پرۆژەکەی مرۆڤ کائینێکی جوانە بوەو نابێ، هەربۆیەش بەردەوام لەهەوڵدا بووە بۆ یاساغکردنی رێگای بیرکردنەوەی جوان کەتاك‌و کۆمەڵێکی تەندروست بەرهەم بێنێ. جا بۆیە ئەگەر ئێمە لەم نێوانەدا تاك‌و کۆمەڵی کوردی بگرین‌و قسەی لەسەر بکەین دەبێ دابن بەو راستییەدا بنێین کەبەشی زۆری تاکو کۆمەڵی کوردی لەسایەی "بەعس"دا ببوە کائینێکی بێ کەڵك، بەدیدێکی تر دورخرابۆوە لەوەی لەرەوتی روداوەکاندا بەدیقەتی وردو تێفکرینی خۆی مامەڵە بکاو بجوڵێ لەگەڵ پێشهات‌و ئەگەرەکانی دەروبەریدا. بەدەلالەت‌و تێفکرینی تر "منی" کوردی هەمیشە نامۆبوە بەخودی خۆی‌و گشت ئەو مەسەلە نوێیانەی کەلەسەر ئاستی دونیا هەبون‌و بەردەوام لەبزاوتنی بەرەو پێش چووندان هاوکات نەبونی هۆشیاری تێفکرین هەمیشە کورتبینی داوەتە دەست "من"ی کوردی، یەك لەوانە راڤەو خوێندنەوە بۆ کلتوری دیموکراسی، هەر بۆیەش جێی چ گومانێك نییە قسە بێتە سەر ساڵەکانی دوای راپەڕینی 1991، بڵێین: ئەوەی کەتایبەت‌و سەبارەت بەدیموکراسی لەکوردستان دەبینرێ بەس بۆ ئەوەیە کەپێی بگوترێ دیموکراسی..هتد، بەڵکو دەتوانرێ ئەمە بەئەزمونێکی بەرایی لەمامەڵە پێکردنی ئێمە بەدیموکراسی ناوزەد بکرێ، بەڵام مەرجیشە بزانین پاشەڵی ئەم ئەزمونە چی لەخۆ گرتوەو پرسیار بکەین لەوەی:

ئایا بەڕاست لەم ئەزمونەدا تاك‌و کۆی کۆمەڵی کوردی گشت سنورە دەستکردو وەهمیەکانی "بەعس" تێك دەشکێنن؟

"من"ی کوردی یان رونتر بێژین کۆی "من"ی کوردی بەشێوەیەکی عەدەمیانە بانگەشە بۆ دیموکراسی دەکا، ئەمەش بۆ خۆی لەو ڤایرۆسە کوشندانەیە کەگومانی تیا نییە لەبری بەرەو پێش بردن دەمانگێرێتەوە بۆ بەدحاڵی بوون‌و غیابی لۆژیك‌و هۆشیاری لەنێوان ئێمەو دیموکراسیدا، بەمەش زۆێك لەپرۆژەی تێك شکاندن‌و دانەدواوەی هەیمەنەی "بەعس" دور دەکەوینەوەو ناتوانین ئەو ئەزمونەی پیایدا دەگوزرێین گوتارو تێفکرینی ئایندەی لەسەر بونیات بنەین. کەواتە واقیعی ئەمڕۆی "من"ی کوردی واقیعێکی ناهۆشیارو ناشارەزایە لەهەمبەر چەمك‌و کلتوری دیموکراسی‌و هەرچی کارکردی پرۆسەی دیموکراسیشە بەکەمی لەواقیعی ژیانی ئێمەدا دەردەکەوێ، دەتوانین نمونەیەکی زیندوو بخەینە پێشچاو وەك: ئاشتی پێویستییەکی گرنگ‌و بنەڕەتی‌و بەپەلەی "من"ی کوردییە بەتایبەت‌و دۆزی کوردی بەگشتییە، کەچی بەهۆی لەیەکتر نەگەیشتن‌و نەبونی

لۆژیـك لـەگوتارمانو یـەكتر قبـوڵ نـەكردن، هێنـد بـێ متمانـەیی دروستكردوە كە"من"ی كوردی بێ ئومێد بێ لەبەدەستهێنانیو گوتاری سیاسی ناوەندی بەشەڕ هاتومان جیا لەهیوەر بونەوەو چ ئاسۆیەكی بۆ كۆتـایی پێهێنـان بەتەنگـەژەكانو بەرقـەراربوونی ئاشـتی چاوەڕوان ناكرێ.. هێزێكی بەرهەڵستكاری بڕوا هێنراو بەدیموكراسی هەست پـێ ناكرێو..هتد.

كـەوەڵام بـێ بـۆ گشـت ئەوانـەی لەسـەرەتاوە تـا ئێسـتا لێـی دوایـن، كەوابوو دەبێ شیرین بێ یان تـاڵ دان بـەو راسـتییەدا بنـێین كەئێمـەی كـورد بـەتاكو كۆمانـەوە نـەمانتوانیوە وەڵامـی تەندروسـتی مـەرجی پێویستی هۆشیاری بدەینـەوە، بەمـەش بانگەشـەی چەشـنی ئێسـتامان بـۆی جگـە لەمامەڵەیـەكی عەدەمیانـەو وە سـەرجەمان نـا تێگەیشـتنو لێكەوتنەوەی گوتاری نا تەندروست هیچی تری لێ هەڵ ناكرێنرێ.

وەش نەبێ ئەمە واقیعێكی سەپاو بێو گۆرینی بقـەو مـەحاڵ، بـەڵكو چەند پێوەندی بەمەسەلە گەلەكانی دەوروبەرمانـەوە بێ، زیـاتر لـەوە پێوەندی بەتوانای تێفكرینی خۆمانەوەیە.

## دیموكراسـیيەتی هەڵبـژاردن.. هەڵبـژاردنی دیموكراسییانە؟

ئەگەر هەڵبژاردن گرێ بەستێكی تۆكمـەو لێكدانـە پچڕاوی بـەماناو چـەمكی دیموكراسـییەوە هـەبێ، ئـەوا دەبـێ پـێش هەرشـتێ دان بـەو راسـتییەدا بنـێین كەهـەردوكیان مانایـەكی فـراوانتر لـەوەی كـەكاریان پێـدەكرێ دەبەخشـنو لەپێویسـتییە گرنگـەكانن لەرەهەنـدە جیـا جیاكانی ژیانی مرۆڤو كۆمەڵدا. بەو مانایەی دیموكراسی تـەنها رێگای دروسـتی هەڵبژاردنـەو هەڵبـژاردنی گرێـدراو بەدەسـتوری دیموكراسییەوە، دەرگا شیاوەكان دەخاتە سەر پشت لـەپێناو خزمـەتی شیاوو پێویست، بۆ چینو توێژە جیا جیاكانی كۆمـەڵو گرنگیـەك بـۆ تـرسو بقـەی هەمـە چەشـن نایەڵێتـەوە، یـەكێك لەئیشـكردنە كلاسـییەكانی دەوڵـەتی (ئـەهپنیـی) كلیلـون ئـاوا چـەمكو پێویسـتی دیموكراسی شـی دەكاتـەوەو دەڵێ: دیموكراسی واتـا "دەسـەڵاتی گـەل، بـەرێگای گـەل، لـەپێناوی گـەل" كـەوابوو نـا رۆشـنییەك لـەوەدا نامێنێتەوە كەهەڵبژاردن توخمو رەگەزێكی سەرەكی بڕ بڕەی پشتی دیموكراسیەتە، بـەو پێیـەی دەسـەڵاتی گـەل لـەرێگای هەڵبـژادرنێكی

تەندروست لەنێو خودی گەلەوە دێتە بەرهەمو کەشی تەواو ئازادو بێ سانسۆر دەتوانێ تاکەکانی کوێ گەل بباتە بەردەم مەڵبەندەکانی هەڵبژاردنو شەرعیەتدان بەدەسەلاتی ناوبراو، هەمان ئەو کەشە ئازادەشە دەبێتە خاڵی دەستپێكو کرداری بۆ پاراستنی بەرژەوەندیو مافەکانی گەلو کارکردن لەپێناو بەرهەمهێنانی گەلێکی تەندروستدا، بەدیدێکی تر گەل یان کۆمەڵ بێ تاکی تەندروست بەرهەم نایەتو بەر لەوەی گەلێکی تەندروست داوابکەین، دەبێ تاکی تەندروستمان هەبێو چون خودی دیموکراسیەتیش بێتاکی تەندروست ناتوانێ ببێتە فاکتەری بەرهەمهێنانی کۆمەڵو دەسەلاتێکی تەندروستو لەرێگای هەمان گەلەوە، کەهەڵبژاردنو دیموکراسی سەرچاوەکەین، دیارە پێچەوانەی ئەو تێڕوانینەی سەرەوە دوور نییە دیموکراسیو هەلبژاردنیش نەبنە دەروازەو رێگا بۆ داخوزی راستەقینەو قسەیەکیش نابن لەپێناوی گەل. کەوابوو تاکی تەندروست پێش گەلی تەندروستەو هەڵقەلاوی دیموکراسیەو گەلیش کۆی تاکە تەندروستەکانی کۆمەڵەو هەڵبژاردنی راستەقینەش بەرهەمی گەلی تەندروستە. کەوابوو مافی هەموانە لەچوارچێوەی میتۆدێکی بابەتیو دیقەتی وردو پێویست بدەینە هەڵبژاردنەکانی کوردستان بەر لەهەر قسەیەکی تر، دەزانم گوێمان لەو وەلامە دەبێ کەوا ئێمەی کورد تازە لەپێپلیکانەی مەسەلەکەداینو دەبێ دان بەخۆماندا بگرینو قسە لەهەندێ مەسەلە نەکەین، لەناویاندا مەسەلە گەلێکی هەستیار. بەبڕوام ئەمە جگە لەکلۆمدانی دەرگاکانو پێوەدانی پەنجەرە روناکەکان بەروی چەمكو واتای دیموکراسیو پاساو هێنانەوەی بێ ناوەڕۆكو بەتاڵ، هیچی تر نییە. بۆیە بەپێچەوانەوەی ئەو ئاراستەیەو کۆك لەگەڵ خوێندنەوە جدیەکان قسەی خۆم لەم بابەتە دەکەم. چونکە پەیوەست بوون بەو پاساوە نالۆژیکیە بەلای منەوە واتای رەتکردنەوەی چەمكو نێوەڕۆکی راستەقینەی دیموکراسیەت دەگەیەنێ. لەجێگایەکدا وتمان دیموکراسیەت توخمو رەگەزێکی سەرەکی بڕ بڕە پشتی هەڵبژاردنە، لەدوای راپەڕینی بەهاری 1991ی کۆمەلانی چینو توێژەکانی کوردستانیشەوە لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانەوە تا هەڵبژاردنەکانی خوێندکارانو مامۆستایانو کارمەندانی تەندروستیو ئەندازیارانو ناوەندە ئەدەبیو فەرهەنگیەکانو رێکخراوە دیموکراتیوپیشەییەکان بەگشتیو هەڵبژاردنی کۆنگرەو کۆنفرانسە حزبیەکانو..تاد. بەتایبەت لەبەلاغی کۆتایاندا هەموو جارێ ئەوە دەدرێ بەگوێمان کەلەکەشێکی ئازادو دیموکراسیانەدا فلان سەندیکاو فیسار یەکێتیو رێکخراو، یان فلانە چیو.. تاد نوێنەرایەتیەکانی خۆیان هەڵبژارد، پاش ئەوەی دەرگای خۆکاندیدکردن والاکرا! لێرەدا، مافی خۆمانە بپرسین، ئەرێ بەڕاست ئێمە ئەو گەلە تەندروستەمان هەیە تاکەکان لەکەشێکی ئازاددا خۆیان کاندیدکەنو کۆی تاکەکانیش نوێنەری راستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن؟ نکۆڵی لەوە ناکرێ گەلی کوردستان بەهەموو چینو توێژەکانیەوە بەدرێژایی مێژوو لەقۆناغە جیا جیاکانو دۆخە سیاسییەکاندا بەشی گەورەی زەبرو زەنگی بەرکەوتوەو، بەتایبەت لەلایەن رژێمە داگیرکەرەکانەوە، واتا ئێمە گەلێکی جەستە ئەنجن بوومان هەیەو لەسایەی زەبرو زەنگی دەسەلاتی یەك لەدوای یەك، پێکهاتەی جەستەو بیرکردنەوەمان نا تەندروستە. بەلام مومکین نییە ئەوەش بشاردرێتەوە کەبۆ زیاتر لەدەساڵ دەچێت دەسەلاتی خۆماڵی خۆمان هەیەو هەر بۆ خۆشمانین باس لەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵو لایەنە جیا جیاکانی ژیانمان دەکەین، بەلام ئایا ئەو باسکردنە لەسەر

ریتمێکی تەندروستە بۆ بەرهەمهێنانی گەلێکی تەندروستو تیمارکردنی برینەکانی جەستەی؟ یان نەخێر کارکردن لەم بوارە لەسەر ریتمی ڤاوغێکی رزیوەو کار لەپرۆژەی بەرهەمهێنانی گەلێکی ناتەندروست دەکاو..تاد. ئەگەر وانییە ئیتر بۆچی هەمیشە هەڵبژاردنەکان نوێنەرایەتییەکی ناتەندروست. نالە شاغیان لێ دەکەوێتەوە وەك ئەنجومەنی نیشتمانیو خوێندکارانو مامۆستایانو ئەندازیارانو شارەوانیو ناوەندە ئەدەبیو فەرهەنگییەکانو حزبو رێکخراوە دیموکراتیو پیشەییەکانو..تاد. بەواتاو دیدێکی تر سەرجەمی هەڵبژاردنەکان ئەوەندەی بوبێتن، یاخود ببن بەدەنگو رەنگی تاکو کۆی خەڵك، تاموچێژی بیری تەسکی حزبو گروپە سیاسیەکانی پێوەیە، کەئەمەش بۆ خۆی کاریگەری راستەوخۆو نێگەتیڤ لەنەستی تاكو کۆی کۆمەڵ دروست دەکا، چونکە بەلای منەوە زۆربەی هەرە زۆری حزبەکان ئەوەندەی بەکردەوە کار لەبەرهەمهێنانی گەلێکی ناتەندروستدا دەکەن، ئەوەندە کار لەپرۆژەگەلێکی تەندروست ناکەن بۆ چەسپاندنی رەگەزو توخمەکانی بەرهەمهێنانی گەلێکی تەندروست؟! ئەگەر کەمێك شۆڕبینەوە بۆ ئەو هەڵبژاردنانەی کەئەنجام دەدرێنو لەزۆر شوێنو جێگا ساڵانە دوبارە دەکرێنەوە، ئەو راستییەی سەرەوەمان زیاتر بۆ روون دەبێتەوە، بۆ نمونە "ئەو" تاکێکەو کاندید کراوی حزبە، حزبیش بەهەرچ واردەورا هەڵپەی کۆکردنەوەی دەنگی بۆ دەکا ئەم "تاکە" کاندیدکراوە بێ منەتیش لەدەنگ دەران، تەنها کاتو ساتی دەنگدان نەبێ بەهاریان بۆ هەڵدەرشێنێ، چونکە ئەو دەزانێ چۆنو بەچی شێوەو ئامرازێك دەنگی بۆ کۆ دەکرێتەوە. زۆرجار ئەوەی کەدەنگی وێدەدا ئەسڵەن بڕوای پێ نییەو ئەگەر بیشی دوێنێ راستەوخۆیان ناراستەوخۆ پێت دەڵێ: سەر ئێشە بۆ خۆم دروست ناکەم!! گومانی تیا نییە وتنی سەر ئێشە بۆ خۆم دروست ناکەم لەپشت تارمای ترسێکی پڕاوپڕ لەزەبرو زەنگەوە دێ، زەبرو زەنگیش چۆن لێکی دەیتەوە شەنو کەوی کەی هیچ بوارێك بۆ تێفکرینی دیموکراسیانەو کەشی ئازاد نایەڵێتەوە. بەڵام پێچەوانەی ئەمە کەشی ئازادی کەسەرچاوەکەی دیموکراسییەتە بۆ هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردنو خۆ کاندید کردنو دەنگدانو دیالۆگکردنو..تاد بخولقێنرێو دوور بخرێتەوە لەهەر چەشنە مامەڵەیەکی زیانبەخشو هەر جۆرە پەلامارو زەبرو زەنگێك، گومانی تێدا نییە  بەرهەمی هەڵبژاردنەکان شیاوترو تەندروست تر دەبنو دەتوانرێ لەوێوە کار بۆ لەبەینبردنی جەستەی گەلێکی نا تەندروست بکەینو هێماکانی گەلێکی تەندروستو لەش ساغ ببینینو فراوانی بکەینەوە. بەتێگەیشتن لەدیموکراسییەت مرۆڤ ناتوانێ بڕیاری ئەوە بدات کەئەوەی لای ئێمە بوونی هەیە هەنگاوێکی تەواو دیموکراسیانەیە، بەڵکو بەتێڕوانینێکی تر ئەو ئاستەی تێگەیشتنو تێفکرینی ئێمە لەدیموکراسییەتو کارلێکردنی بەم شەکڵەی ئێستا، لەنگەو ڤوچ تێگەیشتنەو بەسەقت کارپێکردنیەتی کەلەهاو کێشەی کۆتاییدا ڤەبارەی زیانەکانی بەجددی یاخەمان پێدەگرێ. بۆ ئەمەش ساغکردنەوەی ئەو شێوازی مامەڵە پێکردنە بەواتاو چەمکی دیموکراسییەت، دەبێ پێش هەرشتێ دەسەڵاتو ناوەندی بڕیاردەری حزبو گروپەکان..تاد. خۆیان بەبەرهەمی دیموکراسی بزانن، نەك دیموکراسی بەبەرهەمی خۆیانو خێرو سەدەقە بۆ کۆمەڵ چونکە سەقەتترین تێفکرین لای ئێمە ئەوەیە کەتائێستا دیموکراسی بەکۆمەڵ دەفرۆشرێو نادرێ، دیموکراسیش کەفرۆشرا هیچ جوانیو مانایەکی بۆ نامێنێتەوە کەسیش ناتوانێ لەسێبەریدا ماڵی چێ بکا لەشوشەو ترسی

ئەوەی نەبێ کەبەردی تێبگیرێ، ئەڵبەت بەرامبەر بەمە چینو توێژەکانی کۆمەڵیش ئەرکی گەورەیان دەکەوێتە ئەستۆ بەتایبەت توێژە خوێندەوارەکەی کۆمەڵ کەدەبێ دینەمۆی جوڵاندنی پرۆسەکە بێت. جارێکی تریش دەیڵێم ئەوەی هەمانە لەم بوارەدا جۆرێك نییە لەمامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ دیموکراسی، بەڵکو لەنگەو قوچ تێگەیشتنو کارپێکردنیەتی بەسەقەتی، بەرهەمی خۆڕسکانەی ساتەکانی راپەڕینی 1991ی چینو توێژەکانی خەڵکی کوردستانە کەبەڕەتکردنەوەی (بەعس) ئەو دۆخە هاتە کایەوە، بەهاتنە کایەوەی ئەو دۆخەش لەرویەکەوە پەنجەرەیەکی زێڕینمان بەڕودا کرایەوەو بەڵام بەدیوەکەی ترا نەخۆشییەکی گەورەمان بەگەردنەوەیە، ئەوەش ئەوەیە پێمان وایە ئەوەی پێی دەگەینو دەیبینین، ئەوە خاڵی پڕبوونو کۆتاییە. نمونە زۆرنو دیموکراسیو گرتنی رێگا لەکاکردەکانیو..تاد. دورکەوتنەوە لەتێفکرینو لۆژیك بیرکردنەوەو بیرکردنەوەی بابەتییانەو زۆری تر. دواقسەم ئەوەیە: پراکتیزەکردنی دیموکراسییەت پێویستی بەمامەڵەکردنی تەندروستەو، تا گەلێکی تەندروستو ماڵێکی تەندروست لەسایەیدا پێك بێتو لەسەروشیانەوە بەرهەمهێنانی تاکی تەندروست، دیسان دەسەڵاتی دەتوانێ بەرهەردوو دیوی پۆزەتیف نێگەتیف یاری خۆیبکا، بەڵام گونجاوترینیان رۆڵی پۆزەتیڤانەی دەسەڵاتە، چونکە تاكو کۆمی کۆمەڵ چەند دیموکراسی بنو..تاد دەسەڵات بەپێی پلەی بڕیاردانیو شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ "ئەو" دەتوانێ بیخاتەوە قاوغی ئینسانێکی "ئالی" بەئارەزوی خۆی بیبزوێنێ.

## توندوتیژیو تیرۆر
## لەگوتاری ئیسلامی سیاسیدا

توندوتیژیو تۆقاندن یان تیرۆرو کوشتو بڕی سامناك، لەسەرجەم گۆیزەویدا بەجۆرەها شێوەبوونی هەیەو بەمیکانیزمی جیا جیاش لەکۆمەڵگاکاندا پەیڕەو دەکرێ. لەبەرامبەریشدا لەسۆنگەی بڕوابوون بەئازادی سیاسی، فیکرو کلتور، کایە جیاجیاکانی ژیانو..هتد ئامادەگییەکی بەرچاو هەیە، بەو پێیەی توندوتیژیو تۆقتاندنو تیرۆر هەرکەسو لایەك لەژێر هەر پەردەو بیانویەکدا پێی هەستێو بەهەر مەبەستێ، تۆزقاڵێك رۆشناییی بۆ بیری خودی خۆیو هاوکات کۆمەڵگەش نایەڵێتەوە تا کەمترین هەناسەی ئارامی هەڵکێشێ. ئەمڕۆش زیاتر لەهەرکەسو زۆرتر لەهەر گروپ و دەستەیەك ئیسلامییەکان (مەبەست لەئیسلامی سیاسی)یە بەم رەهەندە نامرۆیە ئاشنانو کار لەسەر فراوانکردنەوەی تێزی تیرۆرو تۆقاندنو..هتد دەکەن. بۆیە نەك تەنها ئەم قسانەی ئێمە، بەڵکو پێشوەخت زۆرێك

لەسەر ئەم مەسەلەیە وتراوەو نوسراوەو بڵاوکراوەتەوە، دیارە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کەهیچی تر نەوترێو نەنوسرێو بڵاو نەبێتەوە، بەڵکو بەدڵنیاییەوە لۆژیکی پرۆسەی تیرۆرو تۆقاندن لای ئیسلامییەکان، هێندە مەسەلە گەلی شاراوەو مەترسی هێنەری لەخۆ گرتوە، دەکرێ بەردەوام کار لەسەر خوردکردنەوەو شرۆڤەکردنی گوتاریان بکرێ. چونکە تا ئەوکاتەی گرتنەبەری ئەم رەهەندە بێزراوە لای ئیسلامییەکان رەواجی هەبێ، ئەوا هەڵوەستەکردن لەبەردەمیانداو وەڵامدانەوەیان دەبێتە ئەمری واقیعو خۆ بواردنیش لێیان باجەکەی قورس دەبێ لەسەر شانمان.

(2)

ئەگەر تۆزێك گەڕاینەوە دواوە بەپێی سادەترین خوێندنەوە لەوە گەیشتین کەدیموکراسی بەواتای دەسەڵاتی گەلو بەرێگای گەلو لەپێناوی گەل بێو سەرجەم کۆتو بەندو تەنگەژەو نا رەحەتییەکانی بەردەم بازنەی تێفکرینی مرۆڤ بداتەدواوەو..هتد بەواتاو تیگەیشتنێکی تر مرۆڤ وەك کائینێکی ئازاد تەماشا بکاو لەوەش واوەتر ئازادی بکا لەدیاریکردنی رێڕەوی ژیانی خۆیو بەرهەمهێنانی سەلیقەو کلتورێکی پێشکەوتوخوازانە بۆ ئیدارەدانی ئەو رێڕەوە. دەبێ بەسەر ئەو پرسیارە جەوهەریەدا باز نەدەین وەك: ئەی بڕواو متمانەی ئیسلامی سیاسی لەم بارەوە چییە؟ بۆ ئەوەی وەڵامێکی لۆژیکیانە بەم پرسیارە بدەینەوەو دورکەوینەوە لەقسەو وتنی ناتەندروست، دەبێ بگەڕێینەوەو چاو بخەینە سەر ریشەی ئەو گوتارەی کەئەمانی بەناو ئیسلامی لێوە پەروەردەدەکرینو دەخرێنە بازاڕی پرۆسەی تۆقاندنو تیرۆرو توندوتیژی..هتد.. بەبڕواشم بێ گەڕانەوە بۆ ئەو تیۆرسینە خۆ بەئیسلامزانو کردوانە، ناتوانین تەنها یەك دەستەواژەو دێڕی پێویست بڵێین چونکە ئەوانە مەرجەعی سەرەتاو کۆتایی راسپاردەو بڕیارو بزاوتنی حزبو گروپو رێکخراوە ئیسلامییەکانن، بێ ئەوانیش واتە ئەو تیورسێنانە ئەمانە واتە ئیسلامی سیاسی بەسەرجەم باڵو جیاوازییەکانیەوە یەك بست ناتوانن برۆنو یەك پێناسەی دیاریکراوو رونیشیان بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێنییە. کەواتە هەموو حزبو رێکخراوو گروپە ئیسلامییەکان سەرئەنجام دەچنەوە سەر یەك رێو لەوێشەوە دیموکراسی بەهەموو مانا راستەقینەکەی دەدەنە دواوە. بەدانە داوە دیموکراسیەتیش ئیدی توندوتیژیو تیرۆرو تۆقاندن ترۆقە دەکاو دەبێتە چەکی یەك لاکەرەوەی ململانێکانو لای ئیسلامی سیاسی جێگە بەدیالۆگ لەق دەکا. ئەگەر هەندێجاریش بەروکەش خۆ بەدەم شەپۆلی دیموکراسیدا دەدەن، ئەوە تەنها رێکردنەوەیە لەجەستەی دیموکراسیدا بۆ گەیشتنە دەسەڵاتو لەوێشەوە بەر لەهەرکەسو لایەك جەنگان لەگەڵ دیموکراسی. چونکە ئەوان ئەوە دەزانن کەئامادەبونی دیموکراسی لەهەر پلەو پایەیەکی ژیانا ئەرکی پلەیەکی نەهێشتنی پیرۆزییەو تاپۆنەکردنی دەسەڵاتە لەهیچ کەسو لایەك، لەئاوها دۆخێکیشدا بۆی هەیە دەسەڵاتی هەرکەسو لایەك کاتی دیاریکراوی هەبێو سەرەتاو کۆتایی هەبێ.

(3)

تیورسێنو سەرکردەکانی ئیسلامی سیاسی بەم شێوەی لای خوارەوە گوتاری خۆیان بنیاد ناوە کەدەبینین: توندوتیژیوتیرۆر لای ئیسلامیەکان. وەکی تر دەست بردن بۆ لۆژیکی توندوتیژیو تۆقاندنو تیرۆر دەبێتە سەرتەڵی ئەولەوییاتی بەرنامەی بزاوتنو کاری

ئیسلامیەکانو لێرەشەوە قبولکردنی دیموکراسی هیچ مانایەکی بۆ نامێتێەوەو کارپێکردنیشی لەهەندێ حاڵەتدا بۆ غەرەزێکی سیاسییەو هیچیتر، یان بۆ دەستهێنانی کۆمەڵێ پێگەی سیاسیو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەو هەر لەو پێگانەشەوە بەناوی پاراستنی ئەوانیشەوە شەڕی گەورەی دیموکراسی بەتیرۆرو تۆقاندنو..هتد دەخەنە رێو گشت دەنگە جیاوازەکان لای خۆیانەوە دەدەنە دواوە. چونکە تا ئێستا هیچ یەکێ لەرێکخراوو گروپە ئیسلامییەکان نەیانتوانیوەو ناتواننو ناشیانەوێ قسەی یەك کەس لەوانە ناومان هێنانو لەوانەشی ناومان نەهێناون بدەنەدواوە، بەڵکو بەردەوام لەسەنگەری دژایەتی هەر رەخنەیەکدا کەلەوانە دەگرێو پێشیان وایە بەخوێندنەوەی گوتارو لێدوانەکانی ئەوان کارێکی نارەواو ناشەرعی دەکرێ، چون بەدیدی گروپو رێکخراوە ئیسملامییەکان ئەوان پیاوی ئایین پەرستو خوان، پیرۆزییان تا ئەو رادەیە کەقسە لەقسەیان نەکرێ.

(4)

بەدەر لەپاساوو هەڵپەی بێ سەروبەر یەك کەسی خۆ بەئیسلامی زان نییە بتوانێ چاو لەئاستی کاری توندوتیژیو تۆقاندنو تیرۆری ئیسلامییەکان نەخەوێنێو بەسپی بڵێ سپیو بەرەش بڵێ رەش.. کام لەوڵاتی ئیسلامی غەیرە ئیسلامی هەیە کەئیسلامی سیاسی تیا مەجود بێ، کاری تیرۆرو تۆقاندنی تیا ئەنجامنەدرابێ بۆ نمونە: کوردستان، عێراق، ئێران، تورکیا، ئوردن، کوێت، فەلەستین، یەمەن، لوبنان، میسر، سودان، ئەفغانستان، روسیا، سەنگافورە، مالیزیا، جەزائیرو..هتد.. رونتر: دەتوانین سەرنجی ئەم ئامارە بدەین: لەجەزائیر تا ئێستا (70بۆ80) هەزار کەس لەلایەن ئیسلامییەکانەوە تیرۆرکراوە سەربڕاوەو بێ سەروشوێن کراوە، کەبەشی زۆیان منداڵو ئافرەتو پیرو

کچ بوون. لەسوداندا تا ئێستا قوربانییەکانی توندوتیژی ئیسلامییەکان زیات لە(500) هەزار هاوڵاتییەو لەئەفغانستان تا ئێستا زیاتر لە(150) هەزار کەس بەر شاڵاوی تیرۆری ئیسلامییەکان کەوتونو هتد.. ئەمە جگە لەهەوڵی تیرۆری بەردەوامو لەناودانی رۆشنبیرانو نوسەرانو تەنانەت پیاوە ئاینییەکانو ئافرەتانو هتد.. لەسەرجەم ئەو وڵاتانەی کەناومان هێنان.

(5)

لەکوردستاندا رادەی تیرۆری ئیسلامییەکان بۆ ئاستێکی مەترسیدار پەرەی گرتووەو رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر پەرە دەگرێ.. ئیسلامییە توندڕەوو تیرۆریستەکانی کوردستان وەك باقی جێگەو شوێنەکانی تر بەهەنگاوە بەراییەکان دەستیان بەکاری توندوتیژیو تۆقاندنو تیرۆرکروە وەك: ئیهانەکردنی ئافرەتان، رژاندنی تێزاب بەلاقیاندا، هەڕەشەو مەترسی خستنە پێشیان، تەقاندنەوەی ئارایشتگاکانی ئافرەتانو جیا لەمەش بەکافر لەقەڵەمدانی خەڵكو لەسەروی هەموانەوە نوسەرانو رۆشنبیرانو هونەرمەندانو هاوکات دەست بردن بۆ تیرۆر وەك: تیرۆرکردنی رەوف زوهدیو عومەر تۆفیقو تەکفیری (شێرزاد حەسەن)و حەڵاڵکردنی خوێنی (دانا عەلی)و تیرۆری (شاپورو قابیل)و (فەرهاد فەرەج)و هەوڵی تیرۆری (هاوژین مەلا ئەمین) تیرۆری عیماد تۆفیقو کامەران محمدو تەقینەوەکانی هەولێرو..هتد، قەسابخانەکەی خێڵی حەمەو هەوڵی تیرۆری دکتۆر بەرهەم سالحو تیرۆرکردنی پێنج پاسەوانیو هتد..هەروەها فەرەنسۆ هەریریو زۆریتر.. ئەمانە هەر کەسولایەك لەئیسلامییەکان پێی هەڵسابن، سەرەنجام دەچێتە سەرچاوەیەکی پڕ مەترسی کەئەویش ئەسڵی

گوتاری ئیسلامییەکانەو بازنەی کۆتاییش لەکاری تیرۆرو تۆقاندنو کوشتنو بڕین هەمویان دەگرێتە خۆ.

(6)

کاتێ گوێمان لەهەولی تیرۆری نوسەرێك، یان رۆشنبیرێك، یاخود سەرکردەیەكو..هتد دەبێ راستەوخۆ بیروهۆشمان بۆ لای ئیسلامییەکان دەچێو شتێ لەکۆنەستی ئێمە بەرامبەر ئەوان هەو دەتۆپزێو پێمان دەڵێ: ئاخر ئەم هەموو کوشتنە بۆ؟ گوتارێك ئەمە بەرئەنجامی بێ چاوەڕوانی چی لێبکەین؟ ئایا دەتوانین قەناعەت بەمناڵەکانمان بکەین کەلەسبینێیەکی نزیکدا نابنە قوربانی پلەیەکی ئەم گوتارە پڕ لەمەترسیو مەرگهێنە؟ ئایا دەتوانین مناڵەکانمان دڵنیاکەین لەوەی کەنابنە ئامانجی قونابەلەکانی ئیسلامییەکان؟ چۆن بتوانین قوتابیەکانمان دڵنیاکەین لەوەی کەسبەینێ لەسەر شەقامەکان نادرێنە بەر دەسترێژی گوللە؟ ئایا نارفێنرێنو نابنە نێچیری ئەو تاقمو گروپە تیرۆریستانە؟ ئەز کەگوتاری ئیسلامییەکان بەڕاستو چەپا دەخوێنمەوە هەموو ئەوانەو زۆری ترم دێنە بەرچاو.. وە سەر ئەنجامیش ئەم پرسیارەم لا دروست دەکەنو وەك: کەسێك کەدیموکراسیەتی پێ قبوڵ نەبێو لەپاڵ کەشێکی نیمچە دیموکراسیدا چۆن رێگای پێ بدرێ بەکەیفی خۆی بکوژێو ببڕێو تیرۆر بکاو هەڕەشە بنێرێتە سەر خەڵكو تەکفیری هەموو خەڵكو تەنانەت موسڵمانیش بکا؟

(7)

ئێستاو لەم قۆناغو سەردەمەدا گوتاری حزبو رێکخراوە ئیسلامییەکان بەمانەی لایخوارەوە دەناسرێنەوە:

بەئایدیۆلۆژیاکردنی ئاین، توندڕەوی، توندوتیژی، تیرۆر، دەست کورتی مەعریفی، ناعەقلانی، یۆتۆپیایی، تۆتالیتەریزمو،هتد.. واتا خەسڵەتو سیمای گوتاری ئیسلامیەکان جێگەیەکی لەخۆیدا نەهێلاوەتەوە بۆ قبولکردنی بەرامبەرو پێشی وایە بەقبولکردنی بەرامبەر ئیتر شەرعیەتێك بۆ برەودان بەسیاسەتو فیکرو بەرنامەکەی نامێنێتەوە، بەلام ئەو دێت لەپاڵ ئاینی ئیسلامو کایە جیا جیاکانی دا سودمەند دەبێ بەناوی ئیسلامەوە مافی هەموو قسەکردنو تەکفیری کوشتنو بڕینێك بەخۆی دەدات، پێشموایە ئەمە ئەو دەست کورتییە مەعریفییە کەپێش تۆزێك باسمان کرد. بۆ تەئکید کردنەوەش سەرنج بدە دکتۆر فەرەج فۆدە دەڵێ: یەکێ لەهۆیەکانی تیرۆرو تۆقاندن نەبونی رێبازی کورتهێنانی لۆژیكو بەدحالی بونەو) بەلێکدانەوەیو شرۆڤەکردنی ئەم پێناسەیەی دکتۆر بەراوردکردنی لەگەڵ گوتاری سەرجەم ئیسلامییەکاندا ئەوت بۆ ساخ دەبێتەوە کەپڕاو پڕ بەئیسلامییەکان ئەم پێناسەیە دروستو راستە.. خۆ ئەگەر بگوترێ وا نییە ئەدی ئەوە نییە لەبەرئەوەی خودی دکتۆر فۆدە سەرەڕای بڕوابونی بەئایینی ئیسلامو مومارەسەکردنی سورتە ئاینییەکانی خۆی، لەبەرئەوەی رەخنەی لەئیسلامییەکان گرتووەو هەندێ راستی تەمومژگرتوی لەگوتاریاندا شیکردۆتەوەو ویستویەتی بەدیالۆگ بیسەلمێنێ کەئەوان کێنو چینو بۆ؟

لەبەرامبەردا ئیسلامییەکان وەك پیشەی راستەقینەی خۆیان تیرۆریان کردو نەیانتوانی بەقسەو لۆژیك وەلامی بدەنەوە.. بەر لەئێستاش وتمان تاکە چەکێك کەلای ئیسلامییەکان جێی بێتەو تیرۆرو تۆقاندنەو هەر چەشنە بیرکردنەوەیەکی نەیار بەخۆیان پێی هەرس ناکرێ. کەوابوو بەکورتی: دەبێ لەوەحالی بین کەتوندوتیژیو تیرۆر لەگوتاری ئیسلامییەکاندا تەنها بۆ کاتێکی دیاری کراو نییە، بەلکو

بوعدێکی چڕوپڕی خۆی هەیەو بۆی هەیە لەهەر لەحزەیەکاو هەموو کات لەشوێنو جێگەی جیا جیا ئەنجام بدرێت لەکۆلانێکەوە بۆ سەنتەری شار، لەشارێکەوە بۆ گشت کۆمەلگە. کۆمەلگەش لەسایەی تیرۆردا دەبێتە کەلاوە کەس ناتوانێ هەناسە ئازادی تیا هەڵشکێنێ.

بۆ نوسینی ئەم وتارە سود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

1-ئیسلامی سیاسیو پرۆسەی تۆقاندنو توندوتیژی/زەنوێر.

2-کۆمەلگە لەسایەی دەولەتی خەلافەتدا/فوئاد مەجید میسری.

3-سەلەفییەکان کێن؟/ کوردە.

4-سەید قوتبو تیۆری تەکفیرکردنی کۆمەلگەو دەولەت / شوان ئەحمەد.

5-ئیسلامو دیموکراسی، بەشی روناکبیری (ی.ن.ك).

6-پیاچونەوەیەك بەئەزمونی ئیخوان موسلمیندا-شوان ئەحمەد.

7-بۆچونێك لەمەڕ بەسیاسی کردنی ئیسلام/ علی رەزا.

8-ئێرهاب / فەرەج فۆدە-وەرگێڕانی:نەهرۆ هەینی.

## قسەیەك..

## ڕێکخراوە جەماوەریو پیشەییەکان.. غیابی دیموکراسی؟

ئامادەبونی کارای ڕێکخراوی (جەماوەری-پیشەیی) لەهەر جێگاو شوێنێك، بەپێی سەرجەم تەفسیرە جیا جیاکانی دەبێ نیشانەی ئامادەبوونی توخمو رەگەزەکانی کۆمەلگەی مەدەنی بێت. ئامادەبونی توخمو رەگەزەکانی مەدەنییەت لەهەر جێگاو شوێنێك پەیوەندی دیالیکتیکانەی بەرۆلی گرنگو کارای دیموکراسییەتەوە هەیە، رۆلی کارای هەر ڕێکخراوەیەکی (جەماوەری-پیشەیی) پەیوەندی راستەوخۆ بەئامادەبونی بڕوابوون بەدیموکراسی لەپێکهاتەو سروشتی ڕێکخراو بوندایە. بەمانایەکی تر ڕێکخراوی کارای (جەماوەری-پیشەیی) زادەی بیرکردنەوەو تێفکرینی دیموکراسیانەیەو لەهەر رەوەندێکی تر زیاتر پێویستی بەدیموکراسی بوونە. لێرەوە ئەو مافەمان هەیە بۆ پۆلێن کردنی دەرگاو پەنجەرەی قسەیەکی ئاوا بچینە بەردەم پرسیار گەلێکی لەم چەشنە: کام ڕێکخراوی (جەماوەری-پیشەیی)؟ ئایا ئەو ڕێکخراوانەی ئێمە هەمانن بەراست زادەو بەرهەمی تێفکرینی دیموکراسیانەن؟ لەرێکخراوگەلێکی لەو چەشنە کەهەمانن ئاسۆی کۆمەلێکی (پێشکەوتوو-مەدەنی) بەدی دەکرێ؟ ئەی کەوابوو زەرورەتی بونیان هەیە؟ ئەگەر لەبەرامبەر ئەم پرسیارانەدا وەلامەکانمان بە(نا) یەکی درێژ کۆتاییان بەئەرکی لۆژیکیانەی خۆیان هێنا، دەبێ لەم سەرو بەندەدا بەدوای هۆکارو فاکتەری غیابی دیموکراسیدا بگەڕێین تا ئەسلی گرفتەکە پێ بزانینو بینای قسەی خۆمانی لەسەر بکەین، ئەگەر وانەکەینو رەهەندێکی لەو چەشنە نەگرینە بەر، ناتوانین بڕوا بکەین کە(بەلێ) غیابی دیموکراسی لەپێکهاتەو سروشتی ڕێکخراوەکاندا لەبنەڕەتەوە ئامادەبونی خۆی سەلماندوەو پرۆژەی ئیفلیج بونی سەرجەم ڕێکخراوە (جەماوەری-پیشەیی)یەکانی لێکەوتوەتەوە سەرەنجام نەیانتوانیوە ببن بەبەشێك لەچینو توێژەکانو لەوێشەوە هێمای کۆمەلێکی پێشکەوتوی مەدەنی.

ئێمە دوو نمونەی بەرجەستەکراومان لەدوو رەوشی لەیەکدی جیاوازو دوو ئەزمونی جیا جیا لەبەر دەستە تایبەت بەڕێکخراوەی (جەماوەری-پیشەیی)لەکوردستان، کەقسەی لەسەر بکەینو غیابی دیموکراسی تیایاندا خورد بکەینەوە.

یەکەم: نمونەو ئەزمونی شاخ

دووەم: نمونەو ئەزمونی شار

جیا لەوە شاخ رەوشێکی تایبەتو پێویستی روبەڕووبونەوەی رژێمە سەرکوتکەرەکان بووەو شاریش بۆ (من)ی کورد سەرەنجامی پرۆسەی رەتکردنەوەی دەسەڵاتی توتالیتاری (بەعس) بووە، لەهەردوو حاڵەتەکەدا ئێمە ئەزمونی کرداریمان لەبواری کاری رێکخراوەی (جەماوەری-پیشەیی) چوون یەکە، بەو واتایەی لەهەردوو نمونەو ئەزمونەکەدا (شاخ-شار) حزب خاوەنی سەرەتاو کۆتایی دروست بوونو دامەزراندن یان دروست نەبوونو دانەمەزراندنی رێکخراوەکان بووە.

کورترو رونتر رێکخراوە جەماوەیو پیشەییەکان لەماڵی سیاسەتی تەسكو نابابەتییانەی حزبەکاندا پرۆژەی دروست بوونیو دامەزاندنیان ئیقرار کراوەو راگەیەنراوەو بۆ حزبو لەپێناو حزبو بەرژەوەندییەکانیدا هاتوون. ئەگەر بڕوا کردن بەم تێڕوانینە هەندێ زەحمەتو گران بێ، ئەوا دەتوانرێ لەم سیاقەدا نمونەیەکی بێ رتوش بهێنرێتەوە وەك: لەدوای راپەڕینی بەهاری 1991ی گەلەکەمانەوە چەندین حزبو رێکخراوی سیاسی دروست بوونو راگەینراون. هەر یەك لەو حزبو رێکخراوانە پاشماوەیەکی کەم لەراگەیاندنی دروستبونیان راستەوخۆ نەك یەك رێکخراو، بەڵکو چەندین رێکخراوو کۆمەڵەیان بەناوی چینو توێژەکانەوە راگەیاندووەو کارو چالاکییان بۆ شەرعییەت پێدانیان کردووە وەك (لاوان، قوتابیان، خوێندکارانو فێرخوازان، ئافرەتانو ژنانو خانمان، مامۆستایانو ئەندازیارانو جوتیارانو کرێکرانو پیشەوەرانو کارمەندانو..هتد  بەبێ ئەوەی ئەم رێکخراوانەی کەدروست بوونیان لەلایەن حزبەکانەوە راگەیەنراوەو شەرعییەتیان پێدراوەو دەدرێ، ستافی دەستەی باڵاکانیشیان تەواوبێو تاکەکانی ئەو چینو توێژانەی کەبەناویانەوە قسە دەکەنو دروشم بەرز دەکەنەوەو بڕیار دەردەکەنو بڕیار پوچ دەکەنەوە، ئاگایان لێیان بێو دوورو نزیك بیانناسن هەندێجار ناوی رێکخراوەکان نزیکە لەناوی حزبەکان یاخود وەکو ئەو وایە.

تەنانەت رێکخراوی وا هەیە ئەوەندە گرێدراوە بەحزبەکەیەوە ناتوانێ بێ گەڕانەوە بۆ مەرجەعی حزبی یەك قسەو دەستەواژە بڵێو بەشداری یەك پرۆژە بکا کەتەنانەت ئەگەر یەقین بێ لەوەی کەپرۆژەی ناوبراو لەخزمەتی توێژێك لەتوێژەکانی کۆمەڵە. واتا لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کەحزب دەم راستی ئەو رێکخراوانەیە کەناومان هێنانو خۆیان خاوەنی هیچ سەربەخۆییەك نین، لەکاتێکدا لەبەرنامە راگەیەنراوەکانیاندا: دونیایەك پرۆژەو جوانو شیرین هاتووەو دەوترێ کار بۆ دەست هێنانیان دەکەین، لەناویشیاندا لەجارێ زیاتر ناوی دیموکراسی هاتووەو باسی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵ دەکرێ. کەوایە مافی گشتمانە ئەم راستییە بزانینو بەدیقەتەوە لێی بڕوانین، چۆن؟ بەپێی ئەو تێگەیشتنەی سەرەوەمان پێکهاتەوەو سروشتی رێکخراوە (جەماوەری-پیشەییە)کان، تەواو گرێدراوەو بەپێکهاتەو سروشتی حزبو رێکخراوە سیاسییەکانەوە، وەکی تر پێکهاتەو سروشتیان حزبییانەیەو حزب خاوەنی تێفکرینی بزاوتنیانە. حزبیش ئەوەی لەرژەوەندییەکانی خۆیدا نەبێ (ئەو)ی بۆ نابزوێنێو پێی ناڵێ برۆ پێشەوە، بەمەش رێکخراوەکان دەبنە رێکخراوی حزبی دوور دەکەونەوە لەوەی رێکخراوی (جەماوەری-پیشەیی)بنو کار بۆ بەکرداریکردنی پرۆژەی بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگا بکەنو دیموکراسییەتیش بکەنە سیاقی پلەیەکی بڕوا پێکراویان لەپێشوازی کردنی روداوو پێشهاتو پرۆژەی بابەتیو پێویستیاندا. کەوابوو لێرەوە

**هەست بەخیابی تەوای دیموكراسی لەنێو رێكخراوە (جەماوەری-پیەشییە)كاندا تەواو دیارەو نمونەو ئەزمونی شاخ ئەگەر پاساو بەزەبرو زەنگی تۆتالیتاری (بەعس) دەدرایەوە، بەلاّم نمونەی ئەزمونەی دوای راپەڕین لەم بوارە نەیتوانی چوارچێوەی بیرکردنەوەی (شاخ)ی حزب بەرامبەر رێكخراوەی (جەماوەری-پیشەییە) بگۆڕێ بەڵكو لەهەڵپەیەكی بەرفراواندا هەمان نمونەو ئەزمونی (شاخ) بەرجەستە دەكرێو تادجێ گرێیەكە ئاڵۆزسكاوتر دەبێ. لەم روانگەیەشەوە دەتوانین بێژین نەوەیەك كەراپەڕینی بەرجەستەكردو پێی وابوو راپەڕین دەروازەی هاتنەدی خەونەكانیەتی، ئەمڕۆ هەمان ئەو رێكخراوانەی كەبڕیارە پرۆژەی كۆمەڵێكی پێشكەوتوو خۆشگوزەران و ژیانی مەدەنییانە بگەیەننە ئاسۆ، پارێزەی ئەو دەروازەیە بن.. بون بەئەو (بقە)یەی كەهەماننەو لەچنگی هەڵدێینو..هتد، ئەمەیە غیابی دیموكراسی لەنێو ئەو رێكخراوانەداو كاردانەوەی هەمان ئەو غیابەی كەمەبەستمان بوو لەو قسەیەدا لێی بدوێین. بەبێ تێكوپێك شكاندنی پێكهاتەی رێكخراوە (جەماوەری-پیشەییە)كانو رەتكردنەوەی سروشتی تێفكرینو دیدی حاڵی حازریان.**